کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# گۆڤاری پێشڕەو

# ٤٦٩

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٦٩ – جۆزەردانی – مە ی ٢٠٢٥


## سەروتار

## ڕێکخستن و ڕێبەریی سەرتاسەری کلیلی پێشڕەوی بزووتنەوەی کرێکارییە

پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری بەستێنی شەپۆلە تازەکانی ناڕەزایەتی پێکهێناوە. کرێکاران، مامۆستایان، پەرستاران، خانەنشینان، شۆفیرانی کامیۆن و بەگشتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لەگەڵ چوونەسەری بەردەوامی خەرجییەکانی ژیان، هاتنەخواری ئاستی حەقدەستی ڕاستەقینە، نەدرانی یارانەکان و فشاری مەعیشەتی بەرەوڕوون. هەروەها سیاسەتەکانی دەوڵەت لە لابردنی موعافییەتە بیمەییەکان و کەمکردنەوەی یارانەکان، بەتایبەت لەناو سینفی نانەواکاندا، ئیعترازاتی بەرینی لێکەوتووەتەوە. کامیۆندارانیش بەهۆکاری چوونەسەری تێچووی سووتەمەنی و ئامرازی پێویست، نەدرانی کرێی عادڵانە و فشاری سینفی، زۆر جار مانگرتنیان بەڕێوەبردووە

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا شەپۆلێکی نوێ لە مانگرتنی کامیۆنداران و نانەواکان لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ئێران شکڵی گرتووە. ڕۆژی دووشەممە ٢٩ی مانگی گوڵانی ١٤٠٤، دەیان کامیۆندار لە بەندەرعەباس بە ڕاگرتنی چالاکییەکانیان، هاتوچۆیان لەم بەندەرە ستراتێژیکە ڕاگرت. ئەم مانگرتنە بەخێرایی بۆ شارەکانی دیکە پەرەیسەند و کامیۆنداران لە ئیعتراز بە کەمبوونەوەی سەهمییەی گازۆئیل و چوونەسەری زیاتر لە ٦٠٪ی نرخی بیمەی ماشێنە سەنگینەکان لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوو و کەمبوونی کرێی بار لەچاو هەزینەکان، چالاکییەکانیان ڕاگرت. ئیتحادیەی کامیۆنداران ڕایگەیاند کە لە یەکی مانگی جۆزەردانەوە مانگرتنی سەرتاسەریی بۆ ماوەی یەک حەفتە بەڕێوەدەبات و خواستە سەرەکییەکانی دابینکردنی سووتەمەنی، پێدانی کرێی عادڵانە و کەمکردنەوەی هەزینەی بیمەیە. لە وڵام بەم بانگەوازە لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران کامیۆنداران دەستیان دایە مانگرتن

هاوکات، نانەوایانیش لە ٢٧ی مانگی گوڵاندا بە بانگەوازی سەرتاسەری لە شارەکانی وەک ئەهواز، ئیسفەهان، کرماشان، ماهشەهر، قوم، مەشهەد و ڕەفسەنجان کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەڕێوەبرد. ئەوان لەئاست برانی بەردەوامی بەرق، سەهمییەی کەم و بێ کەیفییەتی ئارد، قەتعی یارانەکانی حمایەتی و چوونەسەری هەزینەی بەرهەمهێنان ناڕەزایەتییان دەربڕی. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان بایەخ نەدانی کاربەدەستانی حکوومەت بە داخوازی نانەواکان کێشەی زۆری بۆ دروست کردوون و ئەم بابەتەش دەتوانێ وەرشکستەیی و داخرانی بەشێکی زۆر لە نانەواخانەکانی لێ بکەوێتەوە. خواستی

## بۆ پشتیوانی لە مانگرتنی سەرتاسەری خاوەن بارهەڵگر و شۆفیرەکان




"دادخوازی بە سەرکوت خامۆش نابێت، لە مانگرتن بەردەوام دەبین"




## ڕێکخراوی جیهانی کار هاودەستی حکوومەتی ئیسلامی دژبە کرێکارانە

## خالید عەزیزی بە پشتیوانی لە مامۆستایانی ئایینی و هێرش بۆسەر کۆمۆنیسم و سۆسیالیسم و چەپ بە شوێن هاوپەیمانانی سەرتاسەری و دیالۆگ لەگەڵ کۆماری ئیسلامییە

## درێژەی هەڕەشەکانی ئەمریکا و هەڵێت و پلیتەکانی خامنەیی

## ٧٧ ساڵ نەکبەت
## ڕەوایەتی داگیرکاری، جینۆساید و خۆڕاگری لە فەلەستین

پێدانی یارانە و سوبسید لەلایەن دەوڵەتەوە بە نانەواییەکان دەوری گرنگ و گشتی هەیە، چونکە لەم ڕێگەوەیە دەکرێ لە گران بوونی زیاتری نان، کە یەکێک لە پێداویستییەکانی ڕۆژانە و سەرەکی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگایە، ڕێگری بکرێت.

ئەم مانگرتن و ئیعترازاتە، نیشانەیەکی ڕوونە لە قووڵبوونەوەی قەیرانی بژێو و ناڕەزایەتی توند لەناو کرێکاران و زەحمەتکێشان و تەنانەت توێژەکانی خوارەوەی چینی مامناوەند. وە لەسەر پێویستی بەرقەرارکردنی پەیوەندی لەناو بزووتنەوەی کرێکاری و سینفی بۆ وەدیهاتنی داخوازییە ڕادیکاڵ و سەرتاسەرییەکان تەئکید دەکات. ئەم پەیوەندییانە دەتوانێ بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی بەشە جۆراوجۆرەکانی کرێکاران دەستپێبکات و قووڵ بێتەوە. هەموو بەشەکانی چینی کرێکار، کرێکارانی دامەزراوە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان، خانەنشینان و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری، دایکانی دادخواز و ژینگەپارێزان بۆ بەدواداچوونی خواستەکانیان لە کاردانەوە بە سەرکوت و ناکارامەیی پێکهاتەی سیاسی، دەستیان داوەتە ئیعتراز. ئەم بزووتنەوانە دەمێکە بە تێپەڕین لە ستراتیژی ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی، ڕێکخراوە زەردە حکوومەتییەکان و چەپەکانی میحوەری موقاوەمەتی، زیاتر لە ڕابردوو لە زەروورەتی هاوپشتی و پەیوەندی لە نێوان ئەم بزووتنەوانەدا ئاگادارن. داخوازی و دروشمی هاوبەش و گشتگیر، بەستێنی یەکگرتوویی و هاوپشتی لە نێوان ئەم بزووتنەوانە پێکدێنێت.

ئەزموونی مێژوو پێمان دەڵێ کە بوونی سازمان و ڕێکخراوەی جەماوەری و چینایەتی سەربەخۆ لە دەوڵەت و بوونی ڕێبەری سەرتاسەری بە ستراتیژی شۆڕشگێڕانە، پێشمەرجی پەیوەنددرانی خەباتی پرژوبڵاو و ڕێکخستنی مانگرتنە سەرتاسەرییەکانە. کەوابوو بۆ سەرتاسەری کردنەوەی مانگرتنە کرێکارییەکان سەرەڕای تەبلیغی بەردەوامی هەرچی بەرینتر کردنی خواست و درووشمە سەرتاسەریەکان، پەیوەند



دانی کرێکارانی پێشڕەو و خەباتکار و ڕێبەرانی کردەوەیی بزووتنەوەی کرێکاری، لە پێناو درێژەی کار و چالاکی ڕێکخراو، گرینگیەکی تایبەتی هەیە. بەتایبەت لە نەبوونی ڕێکخراوی چینایەتی و سەرتاسەری کرێکاران، ئەم بابەتە یەکجار زەروورەتی هەیە. هاوئاراستە کردن، هاوئاهەنگی و هاوکات کردنی خەباتی کرێکاران لە بەشە جۆراوجۆرەکاندا و ڕاکێشانی سەری وەختی پشتیوانی ناوەندە جۆراوجۆرەکان لە یەکتر، بە بێ پەیوەندی جیدی و جێکەوتوو لە نێوان کرێکارانی پێشڕەو و خەباتکار کە جەمسەری خەباتیان لە ناوەندە جۆراوجۆرەکاندا بەدەستەوەیە، هەروەها ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان کە هەتا ئێستا دەورونەخشسی خۆیان لە ڕێکخستنی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاراندا سەلماندووە، مەیسەر نابێت. پەیوەند دانی ئەم کرێکارانە لەگەڵ یەکتر، لە ڕێگەی تۆڕەکانی پەیوەندیداری خەباتکارانە و بە یارمەتی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و ئەپڵیکەیشێنە پەیامنێرەکان، ڕێگاچارەیەکی گونجاوە بۆ پەیوەند دانی هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری. هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیستی بزووتنەوەی کرێکاری پێویستە لە ڕێگا جۆراوجۆرەکانەوە، پەیوەندی لە نێوان کرێکارانی پێشڕەودا پێکبێنن. پەیوەندی کرێکارانی پێشڕەو و ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان، دەبێتە هۆی ئەوەیکە ناڕەزایەتی کرێکاری لە کارخانەکاندا، زیاتر لە جاران، لەسەر بنەمای نەخشە و بەرنامەیەکی داڕێژراو بێت و بە شێوەی هاوئاهەنگ، هاوکات و هاوئاراستە ئەنجام بدرێت. هەواڵ و زانیاری ورد و چەند و چۆنی خەباتی کرێکاری لە ڕێگەی ئەم تۆڕە لە پەیوەندی پێشڕەوانی کرێکاری و ڕێکخراوەکان، زۆر بە خێرایی دەگاتە هەموو کارخانەکان و ئیمکانی کردەوەیی ڕاکێشانی هاوپشتی و بردنەدەرەوەی خەبات لە چوارچێوەی کارخانەیەکی تاك، دابین دەکات

❊❊❊

# "دادخوازی بە سەرکوت خامۆش نابێت، لە مانگرتن بەردەوام دەبین"

لە کاتێکدا کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە قەیرانی قووڵی ئابووریدا دەست و پێ لێدەدات و ناتوانێ پێداویستییەکانی کار تەنانەت ئاو، بەرق، سووتەمەنی، کەرەستە و ئامێرەکانی بەرهەمهێنان دەستەبەر بکات، هەموو ڕۆژێ لەگەڵ شەپۆلی نوێی مانگرتن و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی کرێکاران و خاوەن پیشەکان بەرەوڕوو دەبێتەوە. درێژەی مانگرتن و ناڕەزایەتی هاوکاتی کرێکاران، خاوەنی بارهەڵگرەکان و شۆفیرەکان، خاوەنی کانگاکان، سیمان کاران، خانەنشینان و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا شەپۆلێکی نوێی لە ناڕەزایەتی دژبە کۆماری ئیسلامی لە سەرتاسەری ئێران خستووەتە ڕێ کە سەرانی ڕژیمی یەکجار نیگەران کردووە.

لەگەڵ پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان، ڕۆژی یەکشەممە چواری مانگی جۆزەردان بۆ چوارەمین ڕۆژی بەردەوام خاوەنی بارهەڵگرەکان و شۆفیرەکان لە زیاتر لە ٧٠ شاری ئێران لە مانگرتن بەردەوام بوون و گواستنەوەی باریان ڕاگرت. "یەکیەتی ڕێکخراوەکانی خاوەن بارهەڵگر و شۆفیرانی سەرتاسەری ئێران"، ڕۆژی ٢٤ی مانگی گوڵان لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکەوە ڕایانگەیاند کە لە ناڕەزایەتی بە بارودۆخی نالەباری کار و بژێویان لە ڕۆژی یەکی مانگی جۆزەردانەوە بۆ ماوەی یەک هەفتە مانگرتنی سەرتاسەری بەڕێوە دەبەن. ئەم بەیاننامەیە لەژێرناوی "دادخوازی بە سەرکوت خامۆش نابێت، لە مانگرتن بەردەوام دەبین"، وێڕای مەحکووم کردنی هەڵسووکەوتی سەرکوتگەرانەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ شۆفیران و خاوەنی بارهەڵگرە نارازییەکان، ڕایگەیاندووە کە هەتا وەدیهاتنی خواستەکانیان درێژە بە ناڕەزایەتییەکانیان دەدەن. ئەم یەکیەتییە لە کۆتایی ڕۆژی چوارەمی مانگرتنەکەدا، ژمارەی ئەو شارانەی کە بە مانگرتن پەیوەست بوون ١٠٥ شار ڕاگەیاند

پێویستە بوترێ کە هێزە سەرکوتگەرەکانی حکوومەتی ئیسلامی لە هێندێک لە شارەکان بۆ نموونە لە تێرمینالی سنە، بە ئیسپرێی بیبار هێرشیان کردووەتە سەر خاوەن بارهەڵگر و شۆفیرەکان و ژمارەیەکیان دەستبەسەر کردووە. ئەم بەیاننامەیە وێڕای ئیدانەکردنی ئەم هەڵسووکەوتەی حکوومەتی ئیسلامی،



خوازیاری ئازادی دەستبەجێ و بێ مەرجی شۆفیرانی دەستبەسەرکراو بووە و هۆشداری داوە کە"ئەو شۆفیرەی بۆ نان و کەرامەت ئیعتراز دەکات، ئاژاوەگێر نییە. دەربڕینی ناڕەزایەتی تاوان نییە بەڵکوو مافی ئێمەیە." هەر لەم ڕاستایەدا ڕۆژی شەممە ٣ی مانگی جۆزەردان هاوکات لە مەشهەد و ژمارەیەکی تر لە شارەکانیش نانەواکان کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەڕێوەبرد. لە مەشهەد نانەواکان لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی دەسەڵاتی ئیسلامییەوە هێرشیان کرایە سەر و بە گازی فرمێسکڕێژ و ئیسپرێی بیبار و باتوم هەڵیان کوتایە سەر نارازییان

بێگومان پەرەسەندنی مانگرن و ناڕەزایەتی شۆفیری بارهەڵگرەکان کاریگەری لەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنانی زۆرێک لە بەرهەم و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە و چالاکی ئەم بەشانەی ڕاگرتووە. ئەم مانگرتنە لەناو دامودەزگاکانی حکوومەتیشدا نیگەرانی و ئاڵۆزی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە. نیگەرانی لە پەرەسەندنی مانگرتنەکان، ئیعتراز و ناڕەزایەتییەکان، مەجلیسی شۆرای ئیسلامیشی گرتووەوە. لەم پەیوەندییەدا ڕۆژی یەکشەممە ٢٤ی جۆزەردان، سەرپاسدار قالیباف سەرۆکی مەجلیسی ئیسلامی لە هەوڵ بۆ سادە نیشان دانی ناڕەزایەتییەکان و فریودانی شۆفیران و خاوەنانی بارهەڵگرەکان، ئەوانی بە بەشێک لە ئاڵقەی کاریگەری ڕەوتی بەرهەمهێنان و دابینکردنی کاڵا وەسف کرد و خوازیاری هەڵگرتنی هەنگاوی "خێرا و کاریگەر" بۆ جێبەجێ کردنی داخوازییەکانیان بوو. ناوبراو دانی بەوە دانا کە "شۆفیران و خاوەن بارهەڵگرە نارازییەکان لەگەڵ کێشەی جۆراوجۆر لەوانە نەبوونی ئۆتۆمبێلی گونجاو و کارا، خەرجی زۆری کەرەستە و پێداویستیەکانیان، دەست و پەنجە نەرم دەکەن". ئەوەش لە کاتێکدایە کە ناڕەزایەتی خاوەنانی بارهەڵگرەکان و شۆفیرەکان بێجگەلە ئەمانە لەدژی هاتنەخواری سەهمییەی گازۆیل و بەرزبوونەوەی نرخەکەی، چوونەسەری ٤٥٪ی حەقی بیمەی شۆفیران، کەمبوونی کرێی بار و دابەش کردنی ناعادڵانەی بارە

جواد نیک بین، ئەندامی کۆمیسیۆنی بەرنامە و بوودجەی مەجلیسیش وێڕای دان پێدانان بە بەرزبوونەوەی زۆری نرخەکان،

برانی کارەبا و کەمبوونی گاز وتی: "لە هەموو شوێنێک ناڕەزایەتی هەیە. خاوەن بارهەڵگرەکان، خاوەن کانگاکان، کارخانەدارەکان، شۆفیرانی بارهەڵگرەکان، نانەواکان، خانەنیشان، هەر هەموویان ناڕازین. ئەم ئاستە لە ناڕەزایەتی ئاسایی نییە. دەڵێی لەم ڕۆژانەدا دەستێکی پشتی پەردە خەڵک بەرەو ئاژاوە و ناڕەزایەتی و کۆبوونەوە دەبات"

ئەم ئاخوندە مفتەخۆرەی ئەندامی کۆمیسیۆنی بەرنامە و بوودجە، کە هیچ شارەزاییەکی نییە بێجگەلە تەبلیغی خورافە و هەوڵ بۆ فریودان و بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی، دەیهەوێ ناڕەزایەتی ڕوو لە گەشەی شۆفیران و خاوەن بارهەڵگرەکان، نانەواکان و کرێکارانی نانەواخانەکان، خانەنشنان و توێژەکانی دیکە لە وەها ئاستێکی بەریندا، نائاسایی نیشان بدات. بۆ ئەوەی وەک هەمیشە مانگرتن و ئیعترازی ئەم ئینسانە زەحمەتکێش و بێبەشانە، بە دەستی پشتی پەردە و بە پیلانی دوژمنانی دەرەکی و ناوخۆیی حکوومەتی ئیسلامییەوە گرێ بدات. تا بە خەیاڵی خۆی بتوانێ ئەوان لە داخوازی و درێژەی مانگرتن و ناڕەزایەتی پاشگەز بکات و هەڕەشە لە شۆفیران و خاوەن بارهەڵگرەکان بکات کە ئەگەر لە مانگرتن و ناڕەزایەتی بەردەوام بن، بۆ سەرکوت کردنیان پاساویان هەیە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە خاوەن بارهەڵگر و شۆفیرەکان، نانەواکان، خانەنشینان و توێژەکانی دیکە دەمێکە داواکاری و خواستی ڕوونی خۆیان بە دروشم و بەنێر لەسەر شەقامەکان دەردەبرن و خوازیاری وەدیهاتنی داخوازییەکانیانن. بەڵام هەتا ئێستا هیچ وڵامێکیان لەلایەن دەسەڵاتی مفلسی ئیسلامییەوە پێنەدراوەتەوە

لە وڵام بە فریوکارییەکانی قالیباف و بەڵێنە بێبنەماکانی دیکەی کاربەدەستانی حکوومەتی ئیسلامی واتە کەم نەکردنەوەی سەهمییەی پایەی سوومەتەمەنی شۆفیران، چارەسەرکردنی کێشەی بیمەی خاوەن بارهەڵگرەکان و هیتر، "یەکیەتی ڕێکخراوە سەرتاسەرییەکانی خاوەنانی بارهەڵگر و شۆفیرەکان" لە بیاننامەکەی خۆیاندا ڕایانگەیاند: "ئەوەیکە قالیباف و جێگری سازمانی ڕاهداری و جێگری سازمانی تەئمینی ئیجتماعی خویان خستووەتە نێو ئەم مەسەلەیەوە، نەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەڵکوو بۆ کپ کردنی دەنگی مافخوازی شۆفیرەکانە. لە پشت بزە و بەڵێنە میدیاییەکانیان، سەرکوت وەستاوە. بەڵام ئێمە شۆفیران فریوی ئەم شانۆیانە ناخۆین، نە ئەمڕۆ، نە سبەی". لە کۆتایی بەیاننامەکەدا لە پێگەی هێزەوە هۆشدار بە حکوومەتی ئیسلامی دراوە کە: "هەتا زەمانەتێکی واقعی نەدەن، ئیستارت لێ نادەین. ئێستا نۆرەی ئێوەیە کە بۆ ڕازی کردنی شۆفیرەکان بپاڕێنەوە

کۆماری ئیسلامی لەوپەڕی لاوازی و داماویدایە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو بنبەستە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵامەتییانەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵی بەرەوڕووە، پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران و توێژە زەحمەتکێشەکانی دیکەی کۆمەڵگا، چارەهەڵنەگر و حەتمییە. بەڵام کرێکاران، شۆفیران و زەحمەتکێشانی دیکە بۆ ڕزگاربوونیان لەم بارودۆخە فەلاکەتبارە ئابووری و بژێوییە، ڕێگایەکیان بێجگەلە خۆڕێکخستن بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ و دژەکرێکارییە لەپێش نییە. ڕێکخراوەی جەماوەری و چینایەتی کرێکاران، پێکهێنانی ڕێبەری سەرتاسەری، هاوپشتی و یەکگرتوویی لەگەڵ بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکانی دیکەی کۆمەڵگا، لە پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی حکوومەتی ئیسلامییە

❋❋❋

# ڕێکخراوی جیهانی کار هاودەستی حکوومەتی ئیسلامی دژبە کرێکارانە

سەد و سێزدەهەمین کۆنفرانسی ڕێکخراوی جیهانی کار لە ڕۆژانی ٢ هەتا ١٣ی مانگی ژوئەنی ٢٠٢٥ لە ژنێڤ بەڕێوەدەچێت. کۆبوونەوەی نێونەتەوەیی ئەم ڕێکخراوە لە بارودۆخێکدا بەڕێوەدەچێت کە یاساکانی کار، کە لە ڕوانگەی بەرژوەندی سەرمایەدارانەوە موناسباتی کار و سەرمایە پێناسە دەکەن، لە هەموو شوێنێک لەوانە لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری بە زیانی کرێکاران گۆڕدراوە. دەوڵەتانی سەرمایەداری بە بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی ڕیازەتی ئابووری و داڕشتنی یاسای یەکجار دژەکرێکاریتر لە ڕابردوو، خزمەتگوزاری ڕەفاهی و کۆمەڵایەتی کرێکاران و جەماوەری بێبەشیان هێناوەتە خوارترین ئاست. بردنەسەری تەمەنی خانەنشینی و




کەمکردنەوەی مووچەی خانەنشینان، لەسەر کار دەرکردنی کرێکاران و فڕیزکردنی حەقدەست و سنووردارکردنی مافی یەکیەتییە کرێکارییەکان، بوارە سەرەکییەکانی بەرنامەی ڕیازەتی ئابوورین کە لە هەموو شوێنێک بنەماڵە کرێکارییەکانی خستووەتە ژێر فشارەوە. پەرەپێدانی توندوتیژی و ئەزیەت و ئازاری ژنان و پیاوانی بەرەی کار و زەحمەت، بەرهەمی جێبەجێکردنی بەرنامەی ڕیازەتی ئابووری و پەرەپێدانی چەوساندنەوەی کرێکارانە

ڕێکخراوی جیهانی کار هەموو ساڵێ هەیئەتێک لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە وەک نوێنەری کرێکارانی ئێران لە کۆبوونەوەی ساڵانەی خۆیدا قەبووڵ دەکات. ئەم هەیئەتە نەتەنیا نوێنەری کرێکاران و داکۆکیکاری مافی چینی کرێکار لەم کۆبوونەیەدا نین، بەڵکوو هەوڵ دەدەن حەقدەستی چەند بەرابەر خوارتر لە هێڵی هەژاری، بێبەریکردنی چینی کرێکار لە مافە سەرەتاییەکانی خۆی لەوانە مافی پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆ و مافی مانگرتن و دەستبەسەرکردنی چالاکانی کرێکاری ئینکار و پەردەپۆش بکەن. ئەوان هەر وەک لە ڕابردووشدا نیشانیان داوە، نەتەنیا لەدژی یاسای کاری دژەکرێکاری کۆماری ئیسلامی زمانیان ناگەڕێ، بەڵکوو ئەگەر لەلایەن هەیئەتەکانی دیکەشەوە لەمبارەوە پرسیاریان لێ بکرێ، دەست دەکەن بە پاساوکردنی بێمافییەکان و داپۆشینی ڕاستییەکان. ڕێکخرای جیهانی کار لە حاڵێکدا نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لەم کۆبوونەوەیەدا قەبووڵ دەکات

کە بەباشی دەزانێ ئەم ڕژیمە پابەند بە هیچکام لە پەسندکراوەکانی ئەم ڕێکخراوە نییە. باش دەزانێ کە لە ئێران چالاکانی ناسراو و جێگای متمانەی کرێکاران دەخرێنە ژێر چاوەدێری و دەستبەسەر و زیندانی دەکرێن و ئەشکەنجە دەدرێن

ئەگەرچی هێندێک لە ڕێکخراوە کرێکارییەکانی جیهان، کۆماری ئیسلامی بە هۆی زوڵم و زۆرێک کە دەرحەق بە کرێکاران ئەنجامی دەدات، مەحکووم دەکەن، بەڵام لەبەرامبەردا ڕێکخراوی جیهانی کار لە هەموو ئەم ئیعترازانە چاوپۆشی دەکات و بە ڕەواڵی هەموو ساڵێک چەند کەسێکی حکوومەتی لەگەڵ ژمارەیەک خاوەنکاری سەرمایەدار و چەند مۆرەیەکی خانەی کاریگەر و شۆرا ئیسلامییەکانی کار لەژێرناوی "نوێنەری کرێکاران" قەبووڵ دەکات تا لە داڕشتنی بڕیارنامەکانی ئەم ڕێکخراوەدا ڕۆڵ بگێڕن. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە هیچ قۆناغێکدا نەتەنیا هیچ هەنگاوێکی بەرەو بەدیهێنانی ڕێککەوتن و گرێبەستەکانی ئەم ڕێکخراوە نەناوە، بەڵکوو سەرەتاییترین مافەکانی کرێکارانی پێشێل کردووە

لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا داکۆکیکارانی بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێران بە بەشداری پڕگڕوتین و بە بەڕێوەبردنی میتینگی ناڕەزایەتی لە ناوەوە و دەرەوەی شوێنی بەڕێوەچوونی ئەم کۆنفرانسە، بۆشایی بەشدارنەبوونی نوێنەرانی ڕاستەقینەی کرێکارانیان لەم کۆنفرانسەدا پڕ کردووەتەوە. ئەمساڵیش لە ئاکامی هەوڵی (کۆمیتەی سەرتاسەری بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لە ژنێڤ) و بەدوای داواکاری لە یەکیەتییە کرێکارییەکان بۆ ڕاگەیاندنی هاوپشتی لەگەڵ خەباتی کرێکارانی ئێران و بۆ پشتیوانی لە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لە ٦ی ژوئەن کە هاوکات لەگەڵ کۆنفرانسی ساڵانەی ڕێکخراوی جیهانی کار لە بەرامبەر شوێنی ئەم ڕێکخراوە لە ژنێڤ بەڕێوەدەچێت، هەتا ئێستا ژمارەیەک لە یەکیەتی و سەندیکا کرێکارییەکان لە ئورووپا، بە ملیۆنان ئەندامەوە، بەم داواکارییە وڵامی ئەرێنییان داوەتەوە. وە پشتیوانی خۆیان لە کرێکارانی ئێران و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی بە دەربڕینی ئامادەیی بۆ بەشداری لە کۆبوونەوە و یان لەڕێگەی پەیامی بەنووسراوە و دەنگ ڕاگەیاندووە

لەکاتێکدا کە کەمپەینی نێونەتەوەیی ناڕەزایەتی دژبە بەشداری هەیئەتە نێردراوەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەم کۆنفرانسە درێژەی هەیە، ژمارەیەک لە ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە ئێران لەوانە سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە، گرووپی یەکیەتی خانەنشینان، کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان، کرێکارانی خانەنشینی خووزستان لە ڕێکەوتی ٦ی مانگی جۆزەردانی ١٤٠٤ لە پەیامێکدا ڕوو بە کرێکاران و ڕێکخراوە کرێکارییەکانی هەموو وڵاتان ڕایانگەیاند: "کرێکارانی ئێران بەهۆکاری

ئەو سەرکوت و بێبەشییانەی کە دەسەڵاتی ئیسلامی بەسەریانیدا سەپاندووە، لە هەموو مافێک بۆ نموونە لە مافی خۆڕێکخستن و هەڵبژاردنی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان بێبەرین. بەدرێژایی ٤٦ ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی هەموو جۆرە هەوڵێک بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەی سەربەخۆ و گۆڕینی بارودۆخی دژواری کار و ژیان بەرەوڕووی سەرکوت و زیندان بووەتەوە. هەر لەم ڕاستایەدا ڕێکخراوی جیهانی کاریش سەرەڕای ئەو جاڕنامە و بڕیارانەی کە پێیان دەوترێ یاسا بنەڕەتییەکانی کار، هیچ بایەخێک بە بەرژەوەندی کرێکارانی ئێران نادات. وەک هاودەست و هاوکاری کۆماری ئیسلامی، ڕێکخراوە حکوومەتییەکان بۆ نموونە خانەی کارگەر، شۆرا ئیسلامییەکانی کار و نوێنەرانی دەستچنی ئەوان لەجیاتی نوێنەرانی ڕاستەقینەی کرێکاران قبووڵ دەکات و بەم کردەوە دژەکرێکارییە، ئیعتباری بە دوژمنانی کرێکاران داوە. لەم ڕووەوە ئێمە کرێکاران و خانەنشینان و ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکانی ئێران خوازیاری دەرکردنی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێکخراوی جیهانیی کار (ILO)ین. ئێمە خوازیاری ئازادی دەستبەجێ و بێ مەرجی کرێکاران، مامۆستایان، خانەنشنان و ژنانی بەندکراو و هەموو بەندکراوانی سیاسی و گەڕانەوەیان بۆسەر کار و ڕاگرتنی لێپرسینەوەیانین"

سەرەڕای هەموو ئەم ناڕەزایەتییانە، بەو پێیەی ڕێکخراوی جیهانیی کار لە بنەڕەتدا هەوڵ دەدات بەرژەوەندی دەوڵەتانی سەرمایەداری ئەندامی ئەم ڕێکخراوە دەستەبەر بکات، لە کۆبوونەوەی ساڵانەی خۆیدا بە باوەشی کراوە پێشوازی لە شاندەکانی کۆماری ئیسلامی دەکات. ئەم ڕێکخراوە جیهانییە، نوێنەرانی ڕژیمی دژە کرێکاری کۆماری ئیسلامی و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی وەک نوێنەری کرێکاران لە وتوویژ و بڕیارەکانیدا بەشدار دەکات. هەربۆیە ڕێکخراوی جیهانی کار بەکردەوە لە پێشێلکردنی مافی چینی کرێکاری ئێراندا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بووەتە هاودەست

***

**بو بینینی ڕاستەوخۆی**
**تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی**
**-کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و**
**کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە**
**بکەن:**

alternative-shorai.tv

# خالید عەزیزی بە پشتیوانی لە مامۆستایانی ئایینی و هێرش بۆسەر کۆمۆنیسم و سۆسیالیسم و چەپ بە شوێن هاوپەیمانانی سەرتاسەری و دیالۆگ لەگەڵ کۆماری ئیسلامییە

زیاتر لە یەک ساڵ لەمەوبەر، لە بارودۆخێکدا کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بە پێشەنگایەتی ژنان و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، "مەرگ بۆ خامنەیی" و بە کردەوەی نمادین وەک فڕێدانی ڕووسەری لەسەر شەقامەکان، پایەکانی ئایدیولۆژی دەسەڵاتی دینی و دەورونەخشی دین لە دەوڵەت و لە دارشتنی یاسا و سیاسەتی تێکشکاندبوو، خالید عەزیزی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەستی کرد بە پشتیوانی لە دین و مامۆستایانی ئایینی و بۆ جارێکی تر لەسەر ئەو باوەڕە کۆنە و ماوەبەسەرچووەی حیزبی دیموکرات کە : "دین ڕۆڵێکی گرینگی لە کۆمەڵگادا هەیە و ناکرێ لە سیاسەت جیای بکەیەوە، مامۆستایانی ئایینیش ڕۆڵێکی گرینگیان لە ئازادی ئێراندا هەیە" تەئکیدی کرد. لەو کاتەدا ئەم وتانەی خالید عەزیزی بەقەد ئوتوبووسە



خۆڕاییەکەی ڕەزا پەهلەوی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنگی دایەوە. نەک لەبەر ئەوەی ناوبراو شتێکی نوێی بەپێچەوانەی باوەڕ و هەڵوێستە سوننەتییەکانی حیزبی دێموکرات وتبێ، بەڵکوو بەو هۆکارە کە وتەکانی ئەو بەتەواو مانا دژی ڕوح و ناوەرۆکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بوو. بزووتنەوەیەک کە نیزامی دیکتاتۆری دینی و ئاپارتایدی ڕەگەزی و شێوە جۆراوجۆرەکانی ستەم و هەڵاواردنی لەسەر شەقامەکان بوێرانە بردبووە ژێر پرسیارەوە

ئەوکات وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بارودۆخێکدا جەختی لەسەر ڕۆڵی گرینگی مامۆستایانی ئایینی لە ئازادی ئێران دەکرد کە هەر ئەم مامۆستا ئایینییە سوننییانە لە کوردستان لە مانگی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی لە گەرمەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا لە حاڵێکدا کە لە زیاتر لە سەد شاری ئێران ئاگری ناڕەزایەتی شەقام بە دروشمی سەرەکی ژن ژیان ئازادی و مەرگ بۆ خامنەیی گەشەی دەکرد، بۆ ڕاگرتنی بزووتنەوەی ژینا، بۆ ڕاگرتنی خەبات بۆ ئازادی ئێران بەیاننامەی سیاسییان دەردەکرد و هەوڵیان دەدا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا لە چوارچێوەی قانوونی ئەساسی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامیدا چوارمێخە بکەن. بەڵام خالید عەزیزی وەک وتەبێژی ڕەسمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای ئاگاداربوونی لە سرووشتی ئازادیخوازانە و بەرابەری تەڵەبانەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا، سەرەڕای ئاگاداربوونی لە هەڵوێستی کۆنەپەرستانەی مامۆستایانی ئایینی هەوڵ دەدات بە پشتیوانیکردن لەم ڕەوتە، پایگای کۆمەڵایەتی حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵگای کوردستان یەکڕیز بکات و ئەوان بۆ بەرەنگاربوونەوەکانی داهاتووی کۆمەڵگا ئامادە بکات

خالید عەزیزی ئەمجارە لە کاتێکدا کە تایبەتمەندی و فاکتۆری نوێ لە شیکردنەوەی بارودۆخی وەرچەرخاوی ئێران و ناوچەکەدا دەوریان هەیە، دژبە کۆمۆنیسم و سۆسیالیسم و چەپ ئاژیتاسیۆنی خستووەتە ڕێ. ناوبراو لە سیمینارێکی حیزبیدا لەژێرناوی "ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هاوکێشە نێونەتەوەییەکاندا" کە لە کەناڵی تەلەڤیزیۆنی ئەم حیزبە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکراوەتە دەڵێ: "ئەزموونی کۆمۆنیسم و سۆسیالیسم و چەپ لە دنیادا زەرەر و زیانی زۆری لێ کەوتووەتەوە. هەموو ئەو وڵاتانەی کە سۆسیالیسمیان ئەزموون کردووە، وەدواکەوتوون و بەداخەوە لە هەموو بەشەکانی کوردستان ئەم ئایدیۆلۆژی و ڕوانینە چووەتە ناو بزووتنەوەی کوردستانەوە". ئەم ئیدیعایانە لە ڕاستیدا دووپات کردنەوەی هەڵوێستی ئیدئولۆگەکانی ڕاسترین بەشی سەرمایەداری جیهانە، کە لە دوای ڕووخانی دیواری بەرلین لە نوامبری ١٩٨٩ و هەڵوەشانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و کۆتایی شەری سارد، بە جەژن و شادییەوە "کۆتایی مێژوو"یان ڕاگەیاند. لەو سەردەمەدا پڕوپاگەندەی نیولیبراڵ هەوڵیدا ئەوەی ڕوویدابوو، واتە شکست و داڕمانی مۆدێلی سەرمایەداری دەوڵەتی، وەک "مەرگ و کۆتایی کۆمۆنیسم" لەقەڵەم بدات و بە سەرخۆشییەوە هاواری دەکرد کە بۆ هەمیشە سۆسیالیسمی لە مەیدان خستووەتە دەر. سەردەمانێکیش مارگارێت تاچێر سەرۆکوەزیرانی پارێزکاری ئینگلیس لە کاتی شکستی مانگرتنی گەورەی کرێکارانی کانگاکاندا ڕایگەیاند: "بۆ هەمیشە ماڵاوایمان لە سۆسالیسم کرد" و بە بێ هیچ دوودڵییەک کرێکارانی کانگاکانی ئینگلیسی بە دوژمنی ناوخۆیی وەسف کرد. لەئێستادا و دوای زیاتر لە سێ دەیە و لە هەلومەرجێکدا کە ناتەباییە چارەهەڵنەگرەکانی نیزامی سەرمایەداری، بەشێوەیەکی مەترسیدار کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و ژینگەی مرۆڤەکانی خستووەتە بەردەم نابوودییەوە، وتەبێژی حیزبی دێموکرات ئێستایش ئەم سەرخۆشییە بەری نەداوە و باس لە زەرەر و زیان و شکست و کۆتایی چەپ و سۆسیالیسم دەکات. خالید عەزیزی لە بڵاوکردنەوەی ڕق و کینە بەرامبەر بە چەپ و سۆسیالیسم تا جێیەک دەڕواتە پێش کە ئاگاهانە و هاودەنگ لەگەڵ ژورنالیسمی بەکرێگیراوی ڕۆژاوا، نیزامە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات بە سۆسیالیزم ناو دەبات و ڕێکخستنی گرووپە نیابەتییەکان لەلایەن ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە، بە چاولێکەری و مۆدێل هەڵگرتن لە بەرەی سۆسیالیسم وەسف دەکات. خالید عەزیزی بەئانقەست دەیهەوێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و کۆمۆنیسم و سۆسیالیسم و چەپ هاوئاراستە نیشان بدات. ئەو لەبیری چووەتەوە کە ئەوە کۆمەڵە و کۆمۆنیستەکان لە کوردستان بوون کە لە دیفاع لە بەرژوەندییەکانی بزووتنەوەی

شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان، بەردەوام لەئاست سیاسەتی سازشکارانە، خۆشباوەڕی و هاوئاراستەیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هۆشداریان دەدا

بۆ وەبیرهێنانەوەی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرنج بدەنە ئەم چەند ڕستەیە لە نامەی حیزبی دێموکرات بۆ خومەینی لە ٧ی خاڵێکەوەی ساڵی ١٣٥٩: "حەزرەتی ئیمام خومەینی، ڕێبەری مەزنی شۆڕشی ئێران! بۆ جارێکی تر ڕووی قسەمان لە ئیمامە. لەئێستادا بەدخوازان هەوڵ دەدەن شەڕی براکوژییەکی دیکە بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێنن ... پەیامی ٢٦ی مانگی خەزەڵوەری ٥٨ی بەڕێزتان ئێمەی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کوردستان لەڕێگەی گفتوگۆوە هیوادار کرد و ئێمە دەستبەجێ لەبەیکمان وت و ئاگربەستمان ڕاگەیاند. ئێستا ئیتر دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی دەبێ بڕیار بدات". حیزبی دێموکرات بەر لەم نامەیە لە کۆبوونەوەی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ٥٨ لە شاری مەهاباد بە خومەینی لەبەیکی وتبوو و لە هەڵوێستی "دژی ئیمپریالیستی"ی خومەینی پشیتوانی کردبوو. حیزبی دیموکرات هەر بەوە نەوەستا و لە کۆنگرەی چواردا لە دەقی بەڵگەی بەرنامەیی خۆیدا سەبارەت بە خومەینی و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی نووسی: "شۆڕشی دژی ئیستبدادی و دژی ئیمپریالیستی گەلانی ئێران بە بەشداری هەموو هێزە پێشکەوتنخواز و نەتەوەییەکان و هەموو چین و توێژە دیموکراتیکەکان بە ڕێبەری ئیمام خومەینی لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ بەسەرکەوتن گەیشت و توماری ڕژیمی ٢٥٠٠ ساڵەی پاشایەتی بۆ هەمیشە تێکەوەپێچا و کۆماری ئیسلامی سەقامگیر کرد." لەم بەرنامەیەدا حیزبی دێموکرات نەتەنیا "ئیمام خومەینی" بە ڕێبەری شۆڕش ناودەبات، بەڵکوو ڕژیمی کۆماری ئیسلامی (ئەم دەسەڵاتە دژەشۆڕش و دڕندە و جنایەتکارە ئیسلامییە) بە بەرهەمی شۆڕشی دژەدیکتاتۆری و دژەئیمپریالیستی خەڵکی ئێران پێناسە دەکات. لەوانە بگوزەرێین، خالید عەزیزی وەک سەرۆکی باڵێک لە حیزبی دیموکرات بۆ چەندین ساڵ، لە قۆناغێکدا کە دووی خوردادییەکان و ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی دەستیان دەڕۆیشت، لە جەریانی گاڵتەجاڕییەکانی ئینتخاباتی ڕژیمدا، داوای لە خەڵکی کوردستان دەکرد لە بەرامبەر بژاردەی خراپ و خراپتردا، لە بەرامبەر باڵی ئۆسوولگەرادا دەنگ بە باڵی ئیسلاح تەڵەبی حکوومەتی بدەن. وە بەکردەوە بە بانگەوازی خامنەیی و سەرکردەکانی سپای پاسداران بۆ گەرم کردنی تەنووری ئینتخاباتی حکوومەت وڵامی ئەرێنیان دەدا. وتەبێژی حیزبی دێموکرات بەم کارنامەوە دەیهەوێ وای نیشان بدا کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەم لە بواری دژایەتی لەگەڵ ئیمپریالیسم و هەم لە بواری ڕێکخستنی گرووپە نیابەتییەکان، لەگەڵ چەپ و سۆسیالیستەکان هاوئاراستەیە

ئاستی ئیدیعاکانی خالید عەزیزی لەدژی چەپ و سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان لەوە نزمترە کە شایەنی ڕەخنەی تیوری بێت. بەڵام پرسیار ئەوە کە ئەرزشی مەسرەفی ئەم ئاژیتاسیۆنە بێ ناوەرۆکە لەدژی کۆمەڵە و چەپ و کۆمۆنیسم لە کوردستان و ئێران لە بارودۆخی ئێستادا چییە؟ وە فاکتۆرە کاریگەرەکان کامانەن؟

فاکتۆرێکی کاریگەر لە شیکردنەوەی بارودۆخی سیاسی ئێراندا، حزووری چەپێکی بەهێزی کۆمەڵایەتی لە مەیدانی خەباتدایە کە کۆماری ئیسلامی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵی چەکی لە ڕووەوە بەستووە و ئۆپۆزیسیۆنی بورژوایی ئێرانیش بۆ بەلاڕێدابردنی لە هیچ هەوڵێک دریغ ناکات. ئەم چەپە کۆمەڵایەتییە بریتییە لە چالاکان و ڕێبەرانی کرێکاری کە ئاڵای داخوازی کرێکارانیان بەرز کردووەتەوە و لە ڕێکخستن و ڕێبەری نارەزایەتی و مانگرتنە کرێکارییەکان دەورونەخشیان هەیە، چالاکانی بزووتنەوەی ژنان کە بە بەشداری خۆیان لە ڕیزی پێشەوەی خەباتی مامۆستایان، خانەنشینان، خوێندکاران، پەرستاران و بە خۆڕاگری بەرینیان لە بەرامبەر سیاسەت و یاسای دژەژنی دەسەڵات، ئاسۆی ڕزگاری





ژنیان لە ستەمی سەرمایەداری خستووتە بەردەم کۆمەڵگا، چەپ و سۆسیالیستەکانی ناو بزووتنەوەی خوێندکاری کە ئاڵای یەکگرتوویی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانیان بەرز کردووتەوە، ئەو خانەنشینانەی کە لەسەر شەقامەکان داوای داخوازییەکانیان دەکەن. ئەم چەپە کۆمەڵایەتییە ئەو بەشە لە نووسەران، هەواڵنێران، مامۆستایانی زانکۆ، سینەماکاران و هونەرمەندان لە خۆ دەگرێت کە بەرەنگاری فەرهەنگ، سیاسەت و ئایدیۆلۆژی چینی دەسەڵاتدار بوونەتەوە، لەدژی سانسۆڕ و ئەشکەنجە و ئێعدام ئیعتراز دەکەن و لە بەرژەوەند و خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان دیفاع دەکەن. ئەم هێزە چەپە کۆمەڵایەتییە لە کوردستان ئاڵای خەبات و تەسلیم نەبوون بەرامبەر بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، ئاڵای بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ کۆنەپەرستانی مەحەلی و ئاڵای هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی لە سەرتاسەری ئێران بەرز کردووتەوە. ئەم چەپە کۆمەڵایەتییە لەناو زیندانەکان ئاڵاهەڵگری ئیعتراز لەدژی سزای ئێعدامە. ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە چەپ و ڕادیکاڵە ڕۆڵێکی حاشاهەڵنەگری لە ڕێکخستنی نارەزایەتی و مانگرتنە کرێکارییەکان و ئاخێزە جەماوەرییەکانی ساڵانی ڕابردوودا هەبووە. ناوەرۆکی داخوازییەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم چەپە کۆمەڵایەتییە دروشمی "نان، کار، ئازادی" بەیەکەوە پەیوەندی داون. ئەگەر کۆماری ئیسلامی بە گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدام بەرەنگاری ئەم چەپە کۆمەڵایەتییە دەبێتەوە، وتەبێژی حیزبی دیموکراتیش بە شەڕی نەرم هاتووەتە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم هێزە چەپە. خالید عەزیزی لە گەڕان بەدوای هاوپەیمانانی لە ناو هێزە ئۆپۆزیسیۆنە ڕاستەکاندا، پێویستی بە وەها هێرشێکی هیستریکە بۆسەر چەپ و باوەڕە سۆسیالیستییەکان

لەلایەکی دیکەوە پەیامی "ئاشتی و کۆمەڵگای دیموکراتیک"ی عەبدوڵلا ئۆجەلان کە لە کۆتاییەکانی مانگی فێوریەی ئەمساڵ بڵاوکرایەوە و بەدوایدا بەڕێوەچوونی کۆنگرەی پەکەکە کە تێیدا کۆتایی خەباتی چەکداری، ئامادەیی بۆ چەکدانان و هەڵوەشاندنەوەی ئەم ڕەوتە ڕاگەیەندرا، ئەویش لەکاتکێدا کە دەوڵەتی فاشیستی تورکیە وێڕای پەرەپێدانی سەرکوت هەروا لەسەر کۆتایی سەردەمی تیرۆر تەئکید دەکات، نابێ کاریگەرییەکانیان لەسەر حیزبە ناسیۆنالیستەکان لە ناوچەکە نادیدە بگیرێت. ئاڵوگۆڕەکانی پەکەکە زیاتر لە ڕابردوو پاراستنی هێزی چەکدار و خەباتی چەکداری وەک گرنگترین بنەمای چالاکی ڕەوتە ناسیۆنالیستییەکان خستووەتە ژێر فشارەوە. لەم بارودۆخەدا بۆ کردنەوەی دەرگای دیالۆگ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، هێرش بۆسەر چەپ و سۆسیالیسم بۆ وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردسانی ئێران، ئەرزشی مەسرەفی پەیدا کردووە

درێژەی دانوستانەکانی ترامپ لەگەڵ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی وێڕای هەڕەشەی بۆمبارانی دامەزراوە ئەتۆمییەکان، خالید عەزیزی لەئاست "پڕۆژەی ڕووخاندن"ی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و بەرقەرارکردنی "ئاشتی" لە ئێران بە دەستی ترامپ بێهیوا کردووە. هیواداربوون بە دەستوەردانی ئەمریکا بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی ئیسلامی دەمێکە بووەتە بەشێکی سەرەکی لە ستراتیژی سیاسی حیزبی دێموکرات. دوای هێرشی ئەمریکا بۆسەر عێراق و ڕووخاندنی ڕژیمی سەدام، حیزبی دێموکرات هیوای خواست کە ئەم پڕۆژە "ڕزگارییەبخشە" لە ئێرانیش جێبەجێ بکرێت تا ئەوانیش بتوانن لە سێبەری هێرشی ئەمریکادا لە کوردستانی ئێران بەدەسەڵات بگەن. کاتێک هیوایەک بۆ بەڕێوەچوونی ئەم پڕۆژانە نامێنێت، هێرش بۆسەر چەپ و سۆسیالیسم بۆ دیتنەوەی هاوپەیمان لە ناو ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست و نیشاندانی چرای سەوزی دیالۆگ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بۆ خالید عەزیزی گرنگ دەبێتەوە

جیا لەم فاکتۆرانە، خالید عەزیزی بە دەربڕینی داخ و کەسەر بەخاتری بوونی ڕەوتی کۆمۆنیست و سۆسیالیست و چەپ لە کوردستان، بە ژەهر پژاندن لەدژی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە، داماوانە دەیهەوێ هەوادارانی حیزبی دێموکرات لە بەرامبەر نفووزی باوەڕی چەپ و سۆسیالیستی لە کۆمەڵگایەک کە تێیدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بۆشایی نێوان هەژاری و سەروەت قووڵتر دەبێتەوە، واکسینە بکات. خالید عەزیزی لە کەمپەینی هێرش بۆسەر چەپ و سۆسیالیسمدا بەتەنیا نییە. ئەو بە هێرش کردن بۆسەر چەپ و سۆسیالیست لە ڕاستیدا هاوپەیمانی خۆی لەگەڵ لەشکرێکی گەورە لە ڕەوتە ڕاستەکان لە سەرتاسەری جیهان لەدژی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی، تازە کردووەتەوە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم هەوڵانە، بەربەرییەتی نیزامی سەرمایەداری سۆسیالیسمی خستووەتە دەستووری کاری مێژووەوە و کردوویەتە زەرووڕەتێکی حەتمی. تەنیا سەرکەوتنی نیزامی سەرمایەداری و ئیمکانات و ناوەندە تەبلیغاتییەکانی لە وەدواخستنی ئەو ڕۆژەدایە کە ئەم نیزامە زاڵمانەیە بەخاتری چەوساندنەوەی ئینسان بەدەستی ئینسان، هەژاری و برسیەتی، شەڕ و جینۆساید و ئاوارەیی و بەخاتری ئەو کێشە و گرفتە بێ ئەژمارانەی بەسەر مرۆڤایەتییدا سەپاندووە، دەبێ حیساب بداتەوە.

❊❊❊

# درێژەی هەڕەشەکانی ئەمریکا و هەڵێت و پڵیتەکانی خامنەیی

لە کاتێکدا کە کۆماری ئیسلامی لە قەیرانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەست و پێ لێدەدات، خامنەیی و کاربەدەستانی دیکەی ڕژێم بە کەڵک وەرگرتن لە قسە ناتەباکانی ترامپ و بەرپرسانی دیکەی حکوومەتی ئەمریکا سەبارەت بە هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، وە بە ئامانجی مەسرەفی ناوخۆیی، دەستیان کردووە بە مانۆڕی تەبلیغاتی شەڕخوازانە سەبارەت بە دانوستانە ئەتۆمییەکان. ترامپ لە سەفەری هەفتەی ڕابردوویدا بۆ عەرەبستانی سعوودی، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و قەتەر، بە ئاشکرا دەستی کرد بە قسەی ناتەبا لەگەڵ قسەکانی ڕابردووی و لە هەڕەشە نیزامییەکانی بەرامبەر کۆماری ئیسلامی پاشەکشەی کرد و ڕایگەیاند کە لە ئەگەری درێژەی گرژییەکان و ڕەتکرانەوەی پێشنیاری ئەمریکا لەلایەن کۆماری ئیسلامی، فشاری زۆرینەی سزا ئابوورییەکان دەست پێدەکاتەوە و هەناردەی نەوتی ئەم وڵاتە دووبارە بە سفر دەگات.

عەلی خامنەیی کە پێشتر لە بەرامبەر هەڕەشە نیزامییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلدا بێدەنگی هەڵبژاردبوو، دوای وتەکانی ئەم دواییەی ترامپ لە عەرەبستانی سعوودی و ئیمارات و دڵنیابوون لە هێرش نەکردنی ئەمریکا بۆسەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی، ڕۆژی شەممە ٢٧ی مانگی گوڵان لە وتارێکی ناهەماهەنگدا لە وڵام بە سووکایەتییەکانی ترامپ بەرامبەر کۆماری ئیسلامی وتی: „ترامپ دەیهەوێ لە دەسەڵات بۆ ئاشتی کەڵک وەرگرێت؛ درۆ دەکات. بەشێک لە وتەکانی سەرۆک کۆماری ئەمریکا کە لە سەفەرەکەیدا بۆ ناوچەکە کردی، ئەسڵەن بۆ ئەوە نابێ وڵامی پێ بدەینەوە. ئاستی قسەکان هێندە نزمن کە مایەی شەرمەزارییە بۆ ئەو کەسەی ئەم قسانەی کردووە و مایەی شەرمەزاریشە بۆ نەتەوەی ئەمریکا“. خامنەیی لە درێژەدا وتی: „بەڵێ دەکرێ لە دەسەڵات بۆ ئاشتی کەڵک وەربگرێت. هەر بەم هۆکارەشە کە ئێمە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە هێز و دەسەڵاتی خۆمان و وڵاتەکەمان زیاد دەکەین.“ ئەم درۆ بێشەرمانەیەی خامنەیی لە کاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی نەتەنیا هیچ کات لەپێناو ئاشتیدا هەوڵی نەداوە بەڵکوو لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا بەردەوام پایەکی سەرەکی گرژی و شەڕ و خوێنڕێژی و وێرانی لە ناوچەکە بووە. چ ڕاستەوخۆ و چ ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئەو هێزانەی کە خۆی پێیاندەڵێ „میحوەری موقاوەمەت“.
ترامپ کە پێشتر زۆر جار هەڕەشەی کردبوو کە کۆماری ئیسلامی دەبێ لە نێوان دانوستان و ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا و هێرشی نیزامی وێرانگەری ئەمریکا یەکیان هەڵبژێرێت، لە وتەکانی ئەم دواییەیدا لە سەفەرەکەی بۆ وڵاتانی کەنداو، بە بێ دووپات کردنەوەی هەڕەشەی نیزامی، بۆ کۆتایی هێنان بە گرژییەکانی ڕابردوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئامادەیی ڕاگەیاند و تەنانەت وتی کە هەوڵ دەدات لە هێرشی نیزامی چاوەڕوانکراوی ئیسرائیل بۆسەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی ڕێگری بکات. ترامپ وتی: „ئەگەر ڕێبەری ئێران، لقی زەیتوون ڕەت بکاتەوە، ئەو کات بژاردەیەکمان بێجگەلە فشاری زۆرینە بۆ نامێنێتەوە“.
هەڵبەت ترامپ وەک موعامەلەگەرێکی ئابووری لە هەمان کاتدا کە گرێبەستی ئابووری سەدان ملیارد دۆلاری بەسەر دەوڵەتەکانی عەرەبستانی سعوودی، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و قەتەردا سەپاند، لە وتارەکەیدا وێڕای تاریف کردن لەوان و سووکایەتیکردن بە کاربەدەستانی حکوومەتی ئیسلامی، بارودۆخی ناڵەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی ئێرانی لەگەڵ پێشکەوتنە ئابوورییەکانی عەرەبستان، ئیمارات و قەتەر بەراورد کرد و وتی: „ڕێبەرانی ئێران لەسەر دزی کردن لە سەروەتی خەڵک، دابینکردنی دارایی تیرۆریزم و خوێنڕێژی لە دەرەوە چڕبوونەتەوە و بارودۆخی ناوچەشیان تێکداوە. مافیای گەندەڵی کۆماری ئیسلامی خەریکی کەڵەکە کردنی سەروەتن و خەڵکی ئێران لەم سەروەتە بێ بەهرەن“.



بەم حاڵەوە، عەلی خامنەیی کە بەخاتری هاوکاری دەوڵەتانی کەنداو و باقی دەوڵەتە عەرەبییەکان لەگەڵ ئەمریکا تووڕە بوو، دەستی کرد بە درۆودەلەسە و باسی لە پێشکەوتنی چەند بەرابەری „ئێرانی ئیسلامی“ کرد و بەڵێنی دا کە زیاتریش پێش دەکەون. خامنەی هەروەها تەپڵی شەڕ و کوشتاری کوتا و دەستی کرد بە هەڵێت و پڵیتی بێبنەما و وتی ئیسرائیل غوددەیەکی سەرەتانی مەترسیدارە و دەبێ لەناوبچێت. باسی لە شکستی مۆدێلی ئەمریکا و دەرکردنی لە ناوچەکە کرد و وتی: „ئەمریکا دەبێ لەم ناوچەیە بڕواتە دەر و دەشڕوات“.
بۆ هەر عەقڵێکی سەلیم و چاوەدێرێکی بێ لایەن، هەموو قسەکانی خامنەیی چ لە پەیوەند لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداو و چ لە پەیوەند لەگەڵ لەناوبردنی ئیسرائیل ناڕاست و فریوکارانەیە. ئەوەیکە دەسەڵاتەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ڕابردوودا چ لە ئاستی ناوچەیی و چ لە ئاستی جیهانیدا جنایاتی بێ ئەژماریان ئەنجام داوە، بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە. بەڵام لە بارودۆخی ئێستادا بەرژەوەندی دەوڵەت و سەرمایەدارانی ئەمریکا ناخوازێت کە ناوچەی دەوڵەمەند و ستراتێژیکی کەنداو و دەریای عومان و دەریای سوور بەجێبێڵن. تا کاتێک کە حکوومەتە کۆنەپەرستەکانی سەرمایەداری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر دەسەڵات بن، ئەمریکا و باقی دەسەڵاتە سەرمایەدارییەکان لە ڕەقابەت لەگەڵ یەکدا، سەروەت و سامانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش تاڵان دەکەن و کۆماری ئیسلامیش کە بە ماجەراجوییەکانی بووەتە هۆی پەرەسەندنی میلیتاریزم لە ناوچەکە، ناتوانێ سیاسەتی زێدەخوازانە و کۆنەپەرستانەی خۆی بەڕێوەبەرێت.
سەبارەت بە ئیسرائیلیش کە هەتا ئێستا بە پشتیوانی ئەمریکا و باقی دەسەڵاتەکانی سەرمایەداری جیهانی و ناوچەیی، بە درێژەی داگیرکاری، شەڕ و جینۆساید و تاوان، کارەساتی بەسەر خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستیندا هێناوە و هێزەکانی „میحوەری موقاوەمەتی“ تێکشکاندووە، کۆماری ئیسلامی بێجگەلە هەڵێت و پڵیتی بێ بنەما نەیتوانیوە کارێک بکات.
ڕۆژێک دوای قسەکانی خامنەیی، مەسعوود پزشکیان، سەرۆک کۆماری بێدەسەڵات و تەداروکچی ڕژێم، ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ی مانگی گوڵان لە پەیوەند لەگەڵ هەڕەشەکانی ئەمریکا سەبارەت بە پەرەپێدانی گەمارۆکان وتی: „ئێمە بە هیچ شێوەیەک لە کەڵک وەرگرتنی ئاشتیخوازانە لە وزەی ئەتۆمی دەست هەڵناگرین و لە هیچ هەڕەشەیەکیش ناترسێین. هەڕەشەی گەمارۆ و سزای ئابووریمان لێ دەکەن، با بیکەن. ئێمە تەمەنێکە لە ژێر سزاداین“. هەڵبەت بۆ بەرپرسان و کارگێڕانی حکوومەتی ئیسلامی، گەمارۆکان هەتا ئێستا بووەنەتە مایەی خێر و دەرفەتێک بۆ ڕانتخواری، دزی و کەڵەکەکردنی سەروەت. لەم ڕووەوە ئەگەر هێرشی نیزامی لە کاردا نەبێت، „هێڵە سوورەکان“، گەمارۆ و سازشەکان و جامی ژەهر خواردنەوەکان بۆیان هیچ کێشە و بەربەستێک دروست ناکات. بەڵام باری گەمارۆ و سزا ئابوورییەکان کەوتووەتە سەر شانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا و ژیان و گوزەرانیانی بەرەوڕووی مەترسی کردووەتەوە. کەوابوو عەلی خامنەیی و باقی کاربەدەستانی ورد و درشتی کۆماری ئیسلامیش نەک لە گەمارۆکان، بەڵکوو لە تەقینەوەی تووڕەیی پەنگخواردووی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگا نیگەرانن کە ئەگەر بکەوێتە ڕێ، بارگە و بنەی دەسەڵاتیان تێکەوەدەپێچێت.

***



# ٧٧ ساڵ نەکبەت
# ڕەوایەتی داگیرکاری، جینۆساید و خۆڕاگری لە فەلەستین

٧٧ ساڵ بەسەر "یوم‌النکبە"دا تێدەپەڕێت. لەو ڕۆژەی کە لە ١٥ مەی ١٩٤٨دا لەگەڵ ڕاگەیاندنی فەرمی پێکهاتنی دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیل، زیاتر لە ٧٥٠ هەزار فەلەستینی لە ماڵ و زێدی خۆیان دەرکران. بەڵام نەکبەت، تەنیا یەک ڕۆژ نەبوو، دەستپێکی پیلانێکی داگیرکەرانە و ڕەگەزپەرستانە بوو کە بە پشتیوانی تەواوی ئیمپریالیسمی جیهانی شکڵی گرت و هەتا بە ئەمڕۆ درێژەی هەیە. ئیسرائیل هەر لە یەکەمین ڕۆژی پێکهاتنییەوە لەسەر بنەمای پاکتاوکردن و لەناوبردنی سیستماتیکی نەتەوەی فەلەستین دامەزرا. ئەم سیاسەتە تەنیا پیلانێکی داگیرکەرانە نەبوو، بەڵکوو لە هەمان کاتدا بەشێک لە موهەندسی ژێئۆپۆلیتیکی ڕۆژئاوا بۆ کۆنترۆڵ کردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. هەر لە سەرەتاوە بە پشتیوانی دەوڵەتی بریتانیا و دواتر ئەمریکا، وە لە بێدەنگی و هاوکاری زۆرێک لە دەوڵەتە عەرەبییەکان، پیلانی سڕینەوەی فەلەستین دەستپێکرد. بە درێژایی زیاتر لە حەوت دەیە شەڕ و داگیرکاری و شارەکسازی و گەمارۆدان، ئاڵقەکانی ئەم زنجیرەی پاکتاوی نەتەوەیی و تاوانە جەنگییانە بەردەوام بوون. گرێبەستە بەناو ئاشتییەکانی کەمپی دەیوید و ئۆسلۆ نەتەنیا نەبوون بە ڕێگاچارە، بەڵکوو بوونە ئامرازی کۆنترۆڵ و تەسلیم. لەو نێوەشدا، ڕەوتە پارێزکار و کۆنەپەرستەکان لە جیهانی عەرەب، بە هەڵوێستی دوو لایەنە و سازشکارانە، بەکردەوە کەوتنە خزمەت ئەم نەزمە زاڵمانەیە. ئەو دەوڵەتانەی کە بە هەڵیت و پلیتی دینی و بە دروشمی دژە "سەهیۆنیستی" خۆیان وەک پشتیوانی فەلەستین نیشان دەدەن، لە کردەوەدا بە داخستنی سنوورەکان، بە سەرکوتی خۆپیشاندانەکان بۆ هاوپشتی و بە ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل، بەشێکی دانەبڕاو لە بارودۆخی نەکبەتباری ئەمڕۆن

لە وەها بارودۆخێکدا، هێزە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان کە بە چاوپۆشی و تەنانەت بە یارمەتی ڕێکخرا وو دامودەزگا ئەمنییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ لاوازکردنی هێزی چەپ و شۆڕشگێڕ و بزووتنەوەی خۆڕاگری فەلەستین پێکهاتوون، لەئێستادا وەک هێزی کۆنەپەرست، سەرکوتگەر و پیاوسالار، بووەنەتە بەشێک لە کێشە و ئاستەنگەکانی جەماوەر و بزووتنەوەی فەلەستین. ئەم ڕەوتانە چ حەماس و یان جهادی ئیسلامی بەهۆی پەرەپێدانی کینە و نەفرەتی نەتەوەیی و ئایینی و بەهۆی سیاسەت و هەڵوێستەکانیان، نەتەنیا ناتوانن ئاسۆی ڕزگاری نیشان بدەن بەڵکوو خۆیان بوونەتە بەشێک لە کێشە و گرفتەکانی خەڵکی فەلەستین

لەڕاستیدا، خەبات و خۆڕاگری خەڵکی فەلەستین لە دوو بەرەدایە. لە بەرامبەر داگیرکەری دەرەوە و لە بەرامبەر کۆنەپەرستانی ناوەوە. لەسەر بەستێنی ئەم بارودۆخەدایە کە غەززە بەرەورووی کارەساتێکی بەتەواو مانا بووەتەوە. بۆمبارانی بەرین، وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری و خزمەتگوزاری، وێرانکردنی نەخۆشخانەکان و بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو لەدژی خەڵکی مەدەنی، مانایەکی ڕوونی هەیە: جینۆساید. ئەم کۆمەڵکوژی و جینۆسایدە نەتەنیا بە بۆمباران، مووشەک و تانک و سەپاندنی قاتی و برسیەتی بەڵکوو بە هاوکاری دەوڵەتانی ئیمپریالیستی و بە ڕەزایەتی



ناوەندە نێودەوڵەتییەکان بەڕێوەدەچێت.

لە بەرامبەر ئەم جنایەتەدا، ناوەندە نێودەوڵەتییەکان بوونەتە تەماشاچی. شۆڕای ئەمنیەت، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ناوەندەکانی بەناو مافی مرۆڤ، هەر هەموویان تەنیا تەماشاچین. زۆرێک لە ڕەوتە لیبراڵ و پارێزکارەکان لە ڕۆژاوا، کە لە بەرامبەر شەڕ لە ئۆکراینادا هەڵوێستیان گرت، ئەمڕۆ لەئاست فەلەستیندا بێدەنگی یان هاوکارییان گرتووەتە بەر.

لەم بارودۆخەدا، بەرپرسایەتی مێژوویی لەسەر شانی هێزە شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیستەکان قورستر لە هەمیشەیە. ئەزموونی کارەساتی شەڕی ڤێتنام، شیلی یان تاوانەکانی دەوڵەتی ڕەگەزپەرست لە ئەفریقای باشوور و سەپاندنی سیاسەتی ئاپارتایدی ڕەگەزی، پێمان دەڵێ کە دەبێ کارێک بکەین. پێویستە تۆڕەکانی هاوپشتی نێونەتەوەیی، کەمپەینەکانی لەقاودان و فشاری سیاسی لەدژی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان و هاوبەشە ناوچەییەکانیان ڕێکبخەین. ئەم ئەرکە تەنیا هەڵوێست گرتن نییە. بەشێک لە خەباتی جیهانی لەدژی سیستەمێکە کە لە هەموو شوێنێک دەمانکوژێ. لە غەززە، لە کارگاکانی باشووری ئاسیا، لە بەندیخانەکانی ئێران، وە لە شەقامەکانی ناوچە ڕەشپێست نشینەکانی ئەمریکا.

خەبات و خۆڕاگری لە فەلەستین، ئەگەر دەیهەوێ ڕزگاری دەستەبەر بکات، دەبێ لە چوارچێوە و ستراتیژی سیاسی هێزە ئیسلامی و کۆنەپەرستەکان و لە ڕەوتەکانی بورژوایی گەندەڵ و پارێزکار تێپەڕێت و بەرەو ستراتیژی شۆڕشگێڕانە و بەرەو ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و جەماوەری هەنگاو هەڵگرێت. ئەم بابەتە تەنیا لەڕێگەی پەیوەندی گرتن لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕەکانی ناوچەکە و جیهان مومکینە. داهاتووی فەلەستین، داهاتووی هەموومانە

لە بارودۆخی ئێستادا بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی فەلەستین ڕێگایەک بێجگەلە یەکگرتن و هاوپشتی لەگەڵ کرێکاران و هێزە ئازادیخواز و ڕەوتە شۆڕشگێڕەکان لە ئیسرائیل و ڕاکێشانی پشتیوانی هێزە پێشکەوتنخوازەکان لەئاستی جیهانی بەئامانجی بەهێز کردنی خەبات دژبە ڕژیمی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل و دوورخستنەوەی جەریاناتی کۆنەپەرستی مەزهەبی بوونی نییە. پێویستە بە پشتیوانی و تەقویەتی هێزی هاوپشتی جیهانی لەگەڵ خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین هاوسەنگی هێز بە قازانجی خەباتی مافخوازانە و ئازادیبەخشی ئەم نەتەوە ستەمدیدەیە بگۆڕدرێت. نابێ ڕێگە بدرێت ئاوات و هیواکانی نەتەوەیەک بۆ ڕزگاری لە چنگ دەسەڵاتێکی ڕەگەزپەرست و داگیرکەردا لەناوبچێت

ئەم نەکبەتە ٧٧ ساڵەیە، تەنیا بە کۆتایی هێنان بە داگیرکاری، بە پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین و بە دامەزراندنی نەزمێکی نوێ لەسەر بنەمای ئازادی، بەرابەری و هاوپشتی ئینسانی، کۆتایی دێت



## سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە

# سەپاندنی برسیەتی بەسەر خەڵکی غەززە، چەکی جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل

٢٠ مانگ بەسەر دەستپێکی شەڕ و جینۆسایدی حکوومەتی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەلەستین لە غەززە تێپەڕیوە. شەڕێک کە تێیدا دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل هەتا ئێستا زیاتر لە ٥٣ هەزار و ٧٠٠ کەس لە خەڵکی غەززەی کوشتووە و زیاتر لە ١٢٠ هەزار کەسی بریندار کردووە و کەرتی غەززەی لە باکوورەوە بۆ باشوور کردووتە وێرانە. بەپێی ئامارەکانی نووسینگەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەسەدا ٤٤ی ئەوانەی لەم شەڕە نامرۆڤانەدا کوژراون، منداڵن. لەم ماوەیەدا ئەرتەشی فاشیستی ئیسرائیل خەڵکی ستەملێکراو و ماڵبەکۆڵی لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی ئاوارە کردووە، تا ماڵەکانیان بۆمباران و نابوود بکات

دەوڵەتی هاوپەیمانی ڕاست و کۆنەپەرستی نەتانیاهۆ ڕۆژی ٢٧ی مانگی ڕەشەممەی ١٤٠٣ بە بێ هیچ هۆکارێک ئاگربەستی دوو مانگەی شکاند کە لە ٢٩ی مانگی بەفرانبارەوە بەرقەرار کرابوو. لەو کاتەوە هەتا ئێستا ئەرتەشی ئیسرائیل توندتر و وەحشیانەتر لە قۆناغی پێشوو بە ئامانجی جینۆساید و وەدەرنانی خەڵک لە وڵاتەکەیان، نەخۆشخانەکان، ژێرخانە کۆمەڵایەتییەکان، ناوەندەکانی کۆبوونەوەی خەڵک و ماڵەکانیان بەتایبەت لە شارە پڕ حەشیمەتەکانی باشووری کەرتی غەززە بۆردومان دەکات. ئەم ئەرتەشە فاشیستە ڕۆژی شەممە ٣٠ی مانگی گوڵان بێشەرمانە و بەشانازییەوە ڕایگەیاند کە لە ماوەی یەک ڕۆژدا هێرشی ئاسمانی کردووتە سەر ١١٥ ئامانج لە غەززە. بە وتەی ئەو پزیشکە خارجیانە کە خۆبەخشانە هاوکاری خەڵکی ئازارچێشتوو لە غەززە دەکەن، لە ڕۆژی هەینیەوە و لە ماوەی هەشت ڕۆژی ڕابردوودا زیاتر لە ٥٠٠ کەس لەم هێرشانەدا کوژراون کە بەشێکی زۆریان منداڵ بوون

حکوومەتی ئیسرائیل لەو کاتەوە هەتا ئێستا قۆناغێکی دیکە لە کۆمەڵکوژی و وێرانی بە دڕندەیی هەرچی زیاترەوە، خستووتە ڕێ. ئەم دەسەڵاتە ڕەگەزپەرستە لە درێژەی جینۆسایدی خەڵکی فەلەستیندا، ماوەی سێ مانگە بە پێشێلکردنی ئاشکرای یاسا نێونەتەوەییەکان، بە داخستنی سنوورەکان، بە گەمارۆدانی غەززە و بە قەدەغەکردنی چوونی خۆراک و پێداویستییەکانی دیکەی ژیان، دوو ملیۆن کەسی لە خەڵکی غەززە بەرەوڕووی قاتی و برسیەتی کردووتەوە، وە لە قاتی و برسی کردنی مرۆڤەکانیش چەکێکی دیکەی بۆ جینۆساید دروست کردووە

وێنەی دڵتەزێنی هەزاران منداڵی قابڵەمە بەدەست کە هەوڵیان دەدا کاسەیەک سوپی ئامادەکراو لەلایەن ناوەند و کەسانی مرۆڤدۆست بەدەست بێنن، تا ڕۆژێکی دیکە ژیانی خۆیان و بنەماڵەکەیان لە برسیەتی نەجات بکەن، دڵ و ویژدانی هەموو مرۆڤێک ئازار دەدات. سندووقی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونیسێف) هۆشداریدا کە ئەگەر لە دوو ڕۆژی داهاتوودا یارمەتی خۆراک نەنێردرێت، ١٤ هەزار منداڵ گیانیان لەدەست دەدەن. ئەم کارەساتانە هێندە ئازاردەرن کە زۆرێک لە خەڵکی مرۆڤدۆست و چەپ و پێشکەوتنخواز لە ئیسرائیل لە ناڕەزایەتی دژبەم کوشتار و جنایاتە هاتنە سەر شەقامەکان و لەگەڵ هێزە سەرکوتگەرەکان تووشی تێکهەڵچوون بوون. ئەوانەی لەم شەڕەدا ئازیزانیان لەدەستداوە، هاواریان دەکرد کە ناتانیاهۆ منداڵەکان دەکاتە قوربانی بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە

حکوومەتی ئیسرائیل هەموو ئەم تاوانانە بە پشتیوانی ئەمریکا و زلهێزە سەرمایەدارییەکانی تر و لە بێدەنگی و بێهەڵوێستی حکوومەتە عەرەبییە کۆنەپەرستەکاندا ئەنجام دەدات. ئەوان هەتا ئێستا کوشتار و نەسلکوژی فەلەستینییەکانیان لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە لە ژێرناوی "مافی بەرگری کردن لە خۆ" بۆ ئیسرائیل پاساو کرووە و پشتیوانیان لێ کردووە. هەڵبەت ئێستا لەژێر فشاری بیروڕای گشتی وڵاتەکەیان، زمانی ناڕەزایەتییان دەگەڕێ و هۆشدار بە ئیسرائیل دەدەن



کە ئەگەر سەپاندنی قاتی و برسیەتی بەسەر خەڵکی غەززە کۆتایی پێ نەهێنێ، پێداچوونەوە دەکەن بەسەر پشتیوانیکردن و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل. ڕۆژی دووشەممە ١٩ی گوڵان، وەزیرانی دەرەوەی ٢٢ وڵاتی بەخشەری یارمەتی مرۆیی بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە و داوایان لە ئیسرائیل کرد ڕێگە بدات یارمەتییەکانیان دەستبەجێ و بەتەواوی بگاتە خەڵکی برسی لە کەرتی غەززە. هەروەها ڕۆژی چوارشەممە ٣١ی مانگی گوڵان، وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەورووپا، سەرەڕای دژایەتی بەشێک لە وڵاتانی ئەندام، بڕیاریاندا پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنی هاوکاری خۆیان لەگەڵ ئیسرائیل بکەن. هەروەها بریتانیاش هەر بەم هۆکارە دانوستانە بازرگانییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل ڕاگرت

لەژێر کاریگەری ئەو فشار و هەڕەشانەدا، حکوومەتی گەندەڵ و کۆنەپەرستی نەتانیاهۆ ناچار بوو پاشەکشەیەکی سنووردار بکات. بۆ نموونە، دوای قەدەغەکردنی دوو مانگ و نیو، ڕۆژی دووشەممە ٢٩ی گوڵان، مۆڵەتی بۆ ٩ بارهەڵگری خۆراک دەرکرد بۆ چوونە ناو غەززە، بەڵام تەنها چوار بارهەڵگر توانیان بگەنێ. ڕۆژی سێشەممەش ١٠ بارهەڵگر و چوارشەممە ٩٠ بارهەڵگر چوونە ناو غەززە و دوای ماوەیەکی زۆر، بارەکانیان بڵاوکرایەوە. ئەم ڕادەیە لە یارمەتی، بە بەراورد بەو ٦٠٠ بارهەڵگرەی پێشتر ڕۆژانە دەچوونە ناو غەززە، بە گوتەی بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان دڵۆپێکە لە دەریارەک و بە هیچ شێوەیەک بەش ناکات

بەڵام بۆچی نەتانیاهۆ بەم شێوەیە وەحشیانە و غەرەزاوی منداڵ و پیر و لاوی غەززەی کردووەتە ئامانج. لەڕاستیدا سەرەڕای هەموو ئەو تاوانانەی کە لەماوەی ٢٠ مانگ شەڕدا ئەنجامی داوە، سەرەڕای کوژرانی زیاتر لە ٨٥٠ کەس و برینداربوونی هەزاران کەس لە ئەرتەشی ئیسرائیل و سەرەڕای تێچوونی بەرینی ئەم شەڕە، هیچ کام لە ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی نەهاتووەتە دی. دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیل بە بۆمباران، کۆچپێکردنی زۆرەملی و بە سەپاندنی قاتی و برسیەتی بەسەر خەڵکی فەلەستین لە غەززە دەیهەوێ خەڵک ئەم ناوچەیە چۆڵ بکات و هەموو کەرتی غەززە داگیر بکات. نەتانیاهۆ دووشەممەی ڕابردوو ڕاشکاوانە ڕایگەیاند: "بە ئامانجی لەناوبردنی حەماس هەموو ناوچەکانی کەرتی غەززە کۆنترۆڵ دەکەین"

لەلایەکی دیکەوە هاویشتنی جاروبارەی گولـلە لەلایەن گرووپی ئیسلامی و تیرۆریستی حەماس بەرەو سەربازانی ئیسرائیل کە هیچ کاریگەرییەکی لە کەمکردنەوەی ئازارەکانی خەڵکی فەلەستین نییە، بووەتە کێشە بۆ خەڵک و بووەتە پاساوێک بۆ تاوانەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل. هەر بەم هۆکارە، زۆرێک لە خەڵکی غەززە بە قبووڵ کردنی ڕیسکی ئیعتراز بە حەماس، لەدژی کردەوەی ئەم گرووپە دەست دەدەنە ناڕەزایەتی. ڕۆژی چوارشەممە ٣١ی مانگی گوڵان، بۆ سێیەم ڕۆژی بەردەوام، هەزاران کەس لە شاری پڕ جەمعیەتی خان یوونس دژی حەماس خۆپیشاندانیان کرد و خوازیاری کشانەوەی ئەو گرووپە لە غەززە و کۆتایی هێنان بە شەڕ و هەژموونی حەماس بوون. جیا لە جینۆساید و تاوانەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل، دەسەڵاتی ١٨ ساڵەی گرووپی ئیسلامی حەماس بەسەر کەرتی غەززە، بۆ خەڵکی ستەملێکراوی ناوچەکە نە ئاسایش و ئەمنیەت و نە ڕەفاه و پێشکەوتنی بەداوە بووە. خەبات و خۆڕاگری لە فەلەستین، ئەگەر دەیهەوێ ڕزگاری دەستەبەر بکات، دەبێ لە چوارچێوە و ستراتێژی سیاسی هێزە ئیسلامی و کۆنەپەرستەکان و لە ڕەوتەکانی بورژوایی گەندەڵ و پارێزکار تێپەڕێت و بەرەو ستراتێژی شۆڕشگێڕانە و بەرەو ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و جەماوەری هەنگاو هەڵگرێت. ئەم بابەتە تەنیا لەڕێگەی پەیوەندی گرتن لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕەکانی ناوچەکە و جیهان مومکینە. لە بارودۆخی ئێستادا بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی فەلەستین بێجگەلە یەکگرتن و هاوپشتی لەگەڵ کرێکاران و هێزە ئازادیخواز و ڕەوتە شۆڕشگێڕەکان لە ئیسرائیل، بێجگەلە ڕاکێشانی پشتیوانی هێزە پێشکەوتنخوازەکان لەئاستی جیهانی بەئامانجی بەهێز کردنی خەبات دژبە ڕژیمی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل و دوورخستنەوەی جەریاناتی کۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسی، ڕێگایەکی تر بوونی نییە

❊❊❊



## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان
## بۆ پشتیوانی لە مانگرتنی سەرتاسەری خاوەن بارهەڵگر و شۆفیرەکان

مانگرتنی سەرتاسەری خاوەن بارهەڵگر و شۆفیرەکان لە باکوورەوە بۆ باشووری وڵات لە حەوتەمین ڕۆژی خۆیدا، بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان بۆ ١٥٣ شار پەرەیسەندووە و سەرەڕای هەڕەشە، فشاری ئەمنیەتی، دەستگیری و توندوتیژی پۆلیسی، هەروا بەهێز و یەکپارچە درێژەی هەیە. ئەم مانگرتنە ڕۆژی دووشەممە ٢٩ی مانگی گوڵانی ١٤٠٤ی هەتاوی لە بەندەرعەباسەوە دەستپێکرد و بە بانگەوازی یەکیەتی ڕێکخراوەکانی خاوەن بارهەڵگر و شۆفیرەکانی سەرتاسەری ئێران بەخێرایی بۆ شارەکانی دیکە پەرەیسەند. خاوەن بارهەڵگر و شۆفیرەکان لە ئابادان، ئەراک، مەلایر، بروجێرد، خورەم ئاباد، ئیسفەهان، ساوە، هەمەدان، ئیلام،



بەندەرعەباس، سەرپۆلی زەهاب، مەریوان، کرماشان، سنە، سیرجان و لە زۆرێک لە شارەکانی دیکە لە مانگرتندان. لە هەمان کاتدا بەشە جۆراوجۆرەکانی جەماوەری ناڕازی لەوانە نیسانداران، شۆفیرانی کۆمپرێسی، تاکسی، ئێسنەپ، ناوەند و ڕێکخراوە کرێکارییەکان، شۆراکانی خانەنشینکراوان، وە شۆرا پیشەییەکانی مامۆستایانی ناڕازی، لەم مانگرتنە پشتیوانییان کردووە

وڵامی سپای پاسداران، وەزارەتی ئیتلاعات و دامودەزگای سەرکوتگەری ڕژێم بەم مانگرتنە بەرینە، وەک هەمیشە سیاسەتی سەرکوت و بەڵێنی بێبنەما و درۆودەلەسە بووە. بەڵام هەروەک مانگرتووان و دەیان ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری و مەدەنی هۆشداریان داوە، سیاسەتی سەرکوتگەرانە ناتوانێ خەڵکی ناڕازی و وەگیانهاتوو بێدەنگ بکات

ئەم مانگرتنە سەرتاسەرییە لە ناڕەزایەتی بە قەیرانی قووڵی بژێو، چوونەسەری ئاستی خەرجییەکانی ژیان، بەرزبوونەوەی پتر لە ٦٠%ی نرخی بیمەی ئۆتۆمبێلە گەورەکان، لەدژی سێ نرخی بوونی سووتەمەنی و لەدژی چوونەسەری ٢٢٠%ی بیمەی تەئمینی ئیجتماعی و بێبەریبوون لە بیمەی دەرمان و بۆ وەدیهێنانی داخوازییەکانی دیکە درێژەی هەیە

ئەم مانگرتنە لە بارودۆخێکدا کە قەیرانی ئابووری ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قوولتر بووەتەوە و گشت کۆمەڵگای بەرەورووی هەژاری و نەهامەتی ئابووری کردووە، لەپێناوی پەرەپێدانی ناڕەزایەتی جەماوەری یەکجار گرینە. خاوەنانی بارهەڵگر و شۆفیرەکانی ئێران بە نیو میلیۆن شۆفیر و نزیک بە نیو ملیۆن بارهەڵگر و تانکێر، ڕۆڵێکی سەرەکی و گرینگیان لە گواستنەوەی سووتەمەنی، کاڵا و پێداویستییەکانی بەرهەمهێنان لەئاستی وڵاتدا هەیە. گرینگی ئەم مانگرتنە جیا لە گەڵاڵەکردنی خواستی ڕاستەقینە و بەرپرسیار کردنی ڕژێم بۆ وڵامدانەوە، لە شێوازی ڕێکخستن و سەرتاسەری بوونیدایە. ئەم مانگرتنە کە لە بەندەرعەباسەوە دەستپێکرد زۆری نەخایاند بۆ ١٥٣ شار تەشەنەی کرد و کاریگەری لەسەر هەموو ڕێگا سەرەکییەکانی وڵات دانا. مانگرتنی خاوەنانی بارهەڵگر و شۆفیرەکان هەتا ئەم ئاستەش ڕەنگدانەوەیەکی بەرینی لەئاستی کۆمەڵگادا هەبووە و توانیویەتی دەوڵەت لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانیدا ناچار بە پاشەکشە بکات

لە بارودۆخێکدا کە کۆماری ئیسلامی لە بنبەستی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیدایە. لە بارودۆخێکدا کە پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا بابەتێکی چارەهەڵنەگر و حەتمییە. لە بارودۆخێکدا کە کرێکاران، خانەنشینان، شۆفیران، نانەوایان، پەرستاران، مامۆستایان و پەروەردەکاران و هەموو توێژە ناڕازییەکان بە پانایی کۆمەڵگا لە کارخانە و لە شەقام ئیعتراز و مانگرتن بەڕێوەدەبەن، مانگرتنی سەرتاسەری خاوەن بارهەڵگر و شۆفیرەکان وەک بەشێکی گرینگ لە حەرەکەتی ناڕەزایەتی خەڵکی ڕاپەڕیو، شیاوی ئەوپەڕی حمایەت و پشتیوانییە

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان، وێڕای دەربڕینی پشتیوانی لەم مانگرتنە گرینگ و بەرینە، خوازیاری پشتیوانی بەشە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشکەوتنخواز و ئازادیخوازەکانی دیکەیە. ئێمە لێبڕاوانە سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕژێم لە هەڵسووکەوتی لەگەڵ ناڕەزایەتی و مانگرتنی مافخوازانە ئیدانە دەکەین و خوازیاری ئازادی دەستبەجێ و بێ مەرجی هەموو دەستبەسەرکراوانین

پەرەپێدانی ناڕەزایەتی، مانگرتن، یەکگرتوویی و هاوپشتی تاکە زەمانەتی سەرکەوتنمانە!

**بژی سۆسیالیزم!**

**بڕووخێ ڕژێمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی!**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان**

٨ی جۆزەردانی ١٤٠٤ی هەتاوی

❊❊❊

## پێویستە یەکگرتووانە دژبە کەمبوونی بەرق و ئاو ناڕەزایەتی دەربڕین

لەماوەی حەفتەکانی ڕابردوودا بڕانی بەردەوام و درێژخایەنی بەرق لە شار و گوندەکانی ئێران کە هێندێک جار زیاتر لە شەش کاتژمێر لە ڕۆژدا درێژەی بووە، کار و ژیانی کرێکاران و توێژە هەژارەکانی دیکەی کۆمەڵگای لەگەڵ کێشە و گرفتی زیاتر بەرەوڕوو کردووتەوە. نەبوونی بەرق و بڕانی چەندین جار لە ڕۆژدا کاریگەری خستووەتە سەر زۆرێک لە کارگاکان، پیشەکان و ژیانی کۆمەڵایەتی و بووەتە هۆی لەسەرکار دەرکردنی هێزی کار و پەرەسەندنی بێکاری. قەیرانی کارەبا، کەم ئاویشی پەرەپێداوە. بڕانی بەردەوامی کارەبا لەسەر بەستێنی قەیران و ئاستانگەکانی ڕژێم، زیانی زۆری گەیاندووە بە خەڵکی شار و شاروچکەکان، لەوانە دووکانداران و خاوەنانی پیشەی ورد و تەنانەت پیشەسازییە گەورەکان. تا ئاستێک کە لە ئێستادا تەقریبەن هەموو چالاکییەکی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و بەرهەمهێنانی پەکخستووە و کێشە و گرفتەکانیانی پەرەپێداوە

بەپێی ڕاپۆرتی کاناڵی شۆرای هاوئاهەنگی ڕێکخراوەکانی مامۆستایانی ئێران، بڕانی بەردەوامی بەرق لە شارە گەرمەکان و لە شارەکانی دەوروبەری تاران، کێشەی زۆری بۆ مامۆستایان و خوێندکاران دروست کردووە. لەماوەی حەفتەکانی ڕابردوودا بەهۆی بڕانی بەردەوامی کارەبا هێندێک لە خوێندنگاکانی شارە گەرمەکانی وەک گەچساران و دێهدەشت بە ناچار داخران. لەلایەکی دیکەوە لە چەند ناوچەیەک لە تاران بۆ نموونە لە شاری ڕەی، پاکدەشت و وەرامینیش مامۆستایان ڕایانگەیاندووە کە بڕانی کارەبای خوێندنگاکان، کێشەی جۆراوجۆری دروست کردووە. بۆ نموونە گەرمای تاقەت پرووکێن لە کلاسی قەرەباڵغ و بەرتەنگ هەتا نەبوونی ئیمکانی خوێندن لە ماڵەوە بەهۆی بڕانی کارەبا. بەپێی ڕاپۆرتەکان لە کاتی نەبوونی کارەبادا، ئیمکانی کەڵک وەرگرتن لە ئینترنێت و فێرکاری ئانلاینیش بۆ خوێندکاران نامێنێت

لەگەڵ بڕانی بەردەوامی بەرق، بەرهەمهێنان و خزمەتگوزارییەکان لە زۆرێک لە کەرتەکاندا پەکیان کەوتووە و بەشێکی داخراوە. بۆ نموونە کۆمپانیای گەورەی سیمانی ئابیەک کە لە دوای مەپنا و ماموت بە سێیەم گەورەترین یەکەی پیشەسازی ناوچەکە لە کەرەجەوە تا قەزوین دادەنرێت، ئێستا بەهۆی پچڕانی بەردەوامی کارەباوە کارەکانی ڕاگرتووە و سەدان کرێکاری ئەم ناوەندە لە دۆخێکی نادیاردا ماونەتەوە. داخرانی کۆمپانیای ئابیەک تەنیا پرسێکی کرێکاری نییە؛ بەڵکوو دەرئەنجامەکانی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر بازاڕەکانی سیمان و ئاسن و بیناسازی دەبێت. گرانبوونی نرخی ئەو کەلوپەلانە لە کۆتاییدا فشاری ئابووری زیاتر دەخاتە سەر جەماوەر. هەروەها باس لەوە دەکرێت کە بڕانی کارەبا بۆ ماوەی ٦ کاتژمێر لە شەرەکە پیشەسازییەکان لە هەندێک شارستانەکان، کار و چالاکی زۆرێک لە کارگاکانی پەکخستووە

بڕانی بەردەوامی کارەبا لەماوەی شەو و ڕۆژدا، ئاستی ناڕەزایەتی و ئیعترازاتی جەماوەری لە شارەکان پەرەپێداوە. سەران و کارگێڕانی ڕژێم لە زۆر پێشتروە دەیانزانی لەگەڵ گەرمتر بوونی هەوا قەیرانی کەمبوونی ئاو و کارەبا

پەرەدەستێنێت. بەڵام لەجیاتی هەنگاوی کردەوەیی و کاریگەر بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم قەرانە و لەجیاتی دابینکردنی بوودجەی پێویست بۆی، ڕوویان کردوتە کردەوەی فەرمایشی و فریوکارانەی وەک "گەڵاڵەی مودیرییەتی بەکارهێنانی کارەبا". ئەوەش لە کاتێدا بوو کە خۆیان دەیانزانی ڕاگەیاندنی وەها پرۆژەیەکی فریوکارانە، کە تێیدا خەڵک بە زیادەڕەوی کردن لە بەرکاهێنانی کارەبا تۆمەتبار دەکات، ناتوانێ وڵامی ئەم قەیرانە بداتەوە. هەر بۆیە هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەم پلانە، پشتێنە ئەمنیەتییەکەیان توندتر کردەوە

بەڵام هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی قەیرانی کەمبوونی کارەبا نەک ئەوجۆرەی کە بەرپرسانی درۆزنی ڕژیم باسی دەکەن، کە گۆیا "خەڵک لە بەکارهێنانی کارەبادا زیادەڕەوی دەکەن"، بەڵکوو ئەوجۆرە کارناسانی تەکنیکی و تەنانەت بەرپرسانی وەزارەتی وزە ڕایانگەیاندووە، درێژەی قەیرانی کارەبا بۆ بارودۆخی خراپی ژێرخانەکانی بەرهەمهێنان و تۆڕی گەیاندنی سەرتاسەری دەگەڕێتەوە. چونکە ئامێرەکان و هەموو تۆڕی بەرهەمهێنان و گەیاندنی کارەبا کۆن و پرتووکاون و بە نۆژنکردنەوەی ورد و سنووردار، هێز و توانای پێویستیان نابێت. بڕیار بووە لە دە، پازەدە ساڵی ڕابردوودا حکوومەت ساڵانە بوودجەی دوو ملیارد دۆلار بۆ نۆژنکردنەوەی تۆڕی کارەبا تەرخان بکات. بەڵام هەتا ئێستا خۆی لێ دزیوەتەوە. کەوابوو تەرخان نەکردنی بوودجەی پێویست لەلایەن حکوومەتی ئیسلامی بۆ نۆژنکردنەوەی ژێرخانەکانی تۆڕی بەرهەمهێنان و گەیاندنی کارەبا، هۆکاری سەرەکی بڕانی بەردەوام و کەمبوونی کارەبایە. بێتوانایی کۆماری ئیسلامی لە دابین کردنی ئاو و بەرق، کە لە پێداویستییە سەرەتایی و پێویستەکانە بۆ ژیانی کۆمەڵگا، وە نەبوونی ڕێگاچارە بۆی، دەلیلێکی ڕوونە بۆ ئەو بابەتە کە بارودۆخی ئابووری ڕژیم گەیشتووەتە ئاستی ئیفلاس و داڕمان

لە کاتێکدا کە ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری و کۆبوونەوەی ئیعتڕازی خانەنشینان و ناڕەزایەتی توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگا و سەنگەربەندی بەرامبەر بە هێرشی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران بۆسەر ژیان و گوزەرانیان بووەتە بەشێک لە حەقیقەتی کۆمەڵگا، دەبێ خەبات بۆ دابینکردنی بەرق و ئاویش ببێتە بوارێکی دیکە لە ناڕەزایەتی جەماوەری وەگیانهاتوو دژبە ڕژیمی ئیسلامی. پچڕانی بەردەوامی بەرق، لەسەر کار و ژیانی هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا کاریگەری داناوە. بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم بارودۆخەش پێویستی بە خەباتی یەکگرتووانە و یەکپارچە و سەرتاسەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و جەماوەری ڕەنجدیدەی ئێرانە. پێویستە بە ناڕەزایەتی یەکگرتووانەمان لە بەرامبەر شارەدارییەکان، ئوستاندارییەکان و ناوەندە دەوڵەتییەکان، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ دابین کردنی بوودجەی پێویست و بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی کەمبوونی کارەبا و ئاو بخەینە ژێر فشارەوە. دەبێ خەڵکی ئازادیخواز یەکگرتوو و یەکدەنگ بڕیار بدەن و پارەی ئاو و بەرق نەدەن. دەبێ ئەو پەیامە ڕاشکاوە بە سەرانی ڕژیمی ئیسلامی بدەین، کە ئەو حکوومەتەی ناتوانێ بەرق و ئاو، هەوای پاک بۆ هەناسەکێشان و پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی جەماوەر دابین بکات، دەبێ بڕوات و نەمێنێت

❋❋❋

# هۆشداری شۆرای هاوئاهەنگی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایانی ئێران سەبارەت بە کاریگەرییەکانی هەژاری لەسەر بواری پەروەردە

ناوەندی لێکۆڵینەوەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی ڕاپۆرتێکی نوێی لە ژێر ناوی "چاودێریکردنی ڕەهەندەکانی هەژاری پەروەردەیی لە ئێران لە ساڵی ١٤٠٢" بڵاو کردووەتەوە کە بۆشایی قووڵی دەرفەتی خوێندن لە نێوان توێژە دەوڵەمەند و کەمداهاتەکان نیشان دەدات. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە کە ٢٠ی گوڵانی ١٤٠٤ی هەتاوی بڵاوکراوەتەوە، مامناوەندی خەرجی بۆ بواری پەروەردە لە بەراورد لەگەڵ گشت خەرجییەکانی بنەماڵە، لە ٤.٧٢٪ لە ساڵی ١٣٩٧ەوە بۆ نزیک ١٪ لە ساڵی ١٤٠٤ دابەزیوە و لەوەش ئەولاتر، لە سێ دەیەکی خوارەوەی داهاتدا، هەژاریی پەرورەدەیی بووەتە کێشەیەکی جددی. هەندێک داتای دیکەی ئەم ڕاپۆرتە بەم شێوەیەن

نزیکەی لەسەدا ٥٤ی دایک و باوکانی سێ دەیەکی سەرەکی داهات بڕوانامەی دیپلۆمیان نییە. منداڵەکانی ئەوان مامناوەندی نمرەی تێگەیشتن لە بابەتیان ٥٣٩٥. ئەوەش لە کاتێکدایە کە مامناوەندی ئەم نمرەیە بۆ منداڵانێک کە دایک و باوکیان خوێندەوارن، ٥٤٤٠. لە بواری دەستڕاگەیشنی دیجیتاڵەوە، ٥٥٪ی خوێندکاران لەو شوێنانەن کە لەگەڵ کەمبوونی ئیمکاناتی فێرکاری بەرەوڕوون. ڕێژەی دەستڕاگەیشتن بە ئیترنێت لە ناو توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا زۆر لە خوارترە و ئەوەش جیاوازی بەهرەمەندبوون لە ئیمکاناتی دیجیتاڵی پەرەپێداوە. ڕێژەی قەرەباڵغ بوونی کلاسەکان لە قۆناغی سەرەتاییدا ٢٤.٤ و لە قۆناغی مامناوەندا ٢٦.٢ کەسە

لە هەندێک پارێزگادا تا ٢٤ لەسەدی مامۆستایان کەمتر لە بڕوانامەی کارناسییان هەیە و لە پارێزگاکانی وەک کۆهگیلویە و بۆیرئەحمەد ٣٨٪ی کلاسەکان چەندپایە یان فرەئاستن. لە پارێزگای سیستان و بەلوچستان زیاتر لە سەدا ٥٨ی گەنجانی تەمەن ١٨ بۆ ٢٤ ساڵ نەیانتوانیوە بڕوانامەی دیپلۆم بەدەست بهێنن. ئەم ئامارانە نیشانەی بۆشایی پەروەردەیی جددیە لە ناوچە بێبەشەکاندا. لە کۆنکوڕی ساڵی ١٤٠٢، نزیکەی ٣٤٪ی وەرگیراوان لە دەیەکی ٩ و ١٠دا بوون. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە تەنیا ٩.١٪ لە دەیەکە هەژارەکانی یەکەم و دووهەم قبووڵ بوون. لە پلەکانی ژێر ٣٠٠٠، پشکی دەیەکەکانی سەرەوە ٥٤٪ و پشکی دەیەکەکانی خوارەوە تەنیا ٣.٤٪ بوو.

شۆرای هاوئاهەنگی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایانی ئێران وێڕای دووبارە بڵاوکردنەوەی چەند داتایەک لەم ڕاپۆرتە، ڕایگەیاند کە ئەم شۆرایە: "ساڵەهایە لەئاست بوونی جیاکاری و بۆشایی قووڵ لە ناو سیستەمی پەروەردەدا هۆشداری دەدات و زۆرێک لە چالاکانی سینفی و ئەندامانی ڕێکخراوەکان بەهۆکاری ئاشکراکردنی هەر ئەم حەقیقەتانەی کە لە ڕاپۆرتی فەرمی ناوەندی لێکۆڵینەوەی مەجلیسدا هاتووە، لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتی و قەزاییەکانەوە دەستبەسەر و دادگایی کراون و سزا دراون. بۆ جارێکی دیکە هۆشدار دەدەین کە بەردەوامبوونی ئەم ئاستە لە نادادپەروەری و جیاکاری، وەها هێزێک لە ناڕەزایەتی، بۆشایی چینایەتی و توندوتیژی بەرهەم دێنێت کە ئیتر هیچ کەس و هیچ شتێک ناتوانێ بەرەنگاری بێتەوە"

حەقیقەت ئەوەیە کە لە کۆمەڵگای ئێراندا، لە ئاکامی سیاسەتەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە بواری پەروەردە و لە ئاکامی بە کاڵا کردنی پەروەردە، لە کاتێکدا کە ئاغازادەکان و منداڵانی سەران و فەرماندەکان و کارگێڕانی ڕژیم و سەرمایەداران لە باشترین ئیمکاناتی پەروەردەیی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بەهرەمەندن، بەڵام منداڵانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا زیاتر لە ڕابردوو بەرەوڕووی هەژاری پەروەردەی بوونەتەوە. بە ملیۆن منداڵ و تازەلاو، و لەناویاندا منداڵانی کۆچبەری ئەفغانستانی بەهۆکاری سیاسەتی دژەپەنابەری ڕژیمی ئیسلامی، لە چەرخەی خوێندن کەوتوونە دەر و بە ناچار لە کارگا و کوورەخانە و شوێنە نائەمنەکانی کار دەستیان کردووە بە کاری سەخت و زیانبار تا بەشێک لە خەرجی ژیانی بنەماڵەیان دابین بکەن یان بە لەشکری منداڵانی سەر شەقام پەیوەست بن.

بەڵام سەرەڕای ڕەنگدانەوەی بۆشایی قووڵی چینایەتی لەناو سیستەمی پەروەردە، سەرەڕای لەسەر کار دەرکردن، خانەنشین کردنی زۆرەملی، خستنە ژێر چاوەدێری و زیندانی کردن و دوورخستنەوەی مامۆستایانی تێکۆشەر، سەرەڕای خەرجی یەکجار بەرینی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران بۆ پەرەپێدانی کۆنەپەرستی و خورافاتی مەزهەبی و دژایەتی لەگەڵ هەرجۆرە پەروەردەیەکی زانستی و پێشڕەو و ئینسانی لەڕێگەی دەزگای ئیدئولۆژیک و ناوەندە ئەمنییەکان و دامەزراندنی هەزاران تەڵەبەی حەوزەی عیلیمیە لە جیاتی مامۆستا، ناڕەزایەتی بەردوام و ڕوو لە گەشەی مامۆستایان دژبەم سەرکوتگەرییانە و بۆ دیفاع لە ئەمنیەت و حورمەتی خوێندکاران و خەباتیان لەپێناو بەدواداچوونی داخوازییە ڕەواکانیان کاریگەری بەرچاوی لەسەر فەزای خوێندنگاکان و فەزای سیاسی گشت کۆمەڵگا داناوە. مامۆستایان بە پێداگری لەسەر خواستی خوێندنی بەخۆڕایی بۆ هەموو منداڵان و نەمانی هەڵاواردن و بردنەسەرەوەی حەقدەست بۆ سەرووی هێڵی هەژاری و بە خواستی مەنعی کاڵایی بوونی پەروەردە و دەرمان و تەندرووستی، لەڕاستیدا خواستی کرێکاران و زەحمەتکێشان و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەشیان گەڵاڵە کردووە. مامۆستایان لە جەریانی خەباتی خۆیاندا ئەزموونی بەنرخیان لە بواری ڕێکخستن و بەرپاکردنی مانگرتن و ناڕەزایەتی سەرانسەری بەدەست هێناوە

لەم ڕووەوە خوێندکاران پێویستە لە مامۆستایانی خۆیان نەتەنیا زانیاری و زانست، بەڵکوو تاکتیک و شێوازی سازماندان و یەکگرتوویی و خەباتیش فێربن. خوێندکاران دەتوانن بە وانە وەرگرتن لە ئەزموونی بەنرخی بزووتنەوەی خوێندکاری، شۆرا و ناوەند و ئەنجومەنی خوێندکاران پێکبێنن. بزووتنەوەی خوێندکاران و مامۆستایان بە هاوپشتی لەگەڵ یەکتر و بنەماڵەکانیان و لەگەڵ بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دەتوانن سیاسەتی چینایەتی و کۆنەپەرستانەی ڕژیمی ئیسلامی لە بواری پەروەردەدا ناچار بە پاشەکشە بکەن و وزەیەکی نوێ بە خەباتیان ببەخشن

❋❋❋

# قبووڵکردنی کۆنوانسیۆنی "پالێرمۆ"، شکستێکی دیکەیە بۆ کۆماری ئیسلامی

لە درێژەی خواردنەوەی جامی ژەهری دانوستان و سازان لەگەڵ ئەمریکا لەلایەن عەلی خامنەییەوە، ڕۆژی چوارشەممە ٢٤ی مانگی گوڵان وتەبێژی „مەجمەعی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام“، باڵاترین ناوەندی سیاسی حکوومەتی ئیسلامی، ڕایگەیاند کە ئەم ناوەندە قبووڵی کردووە کۆماری ئیسلامی بە کۆنوانسیۆنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پەیوەند لەگەڵ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تاوانی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی یان „پالێرمۆ“ پەیوەست بێت. ئەم ناوەندە لە کاتێکدا وەها بڕیارێکی داوە کە ڕژیم لە ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوییەوە بە هۆی دژایەتی کردن و پەیوەست نەبوونی بەم کۆنوانسیۆنە کەوتوتە ناو لیستی ڕەشی گرووپی تایبەتی چالاکی دارایی و خراوەتە ژێر سزای نەوتی و بانکییەوە. حکوومەتی ئیسلامی بەهای ئەم سیاسەتەی واتە کەوتنە ناو لیستی ڕەشی تاوانی ڕێکخراو و گەمارۆ و سزاکانی، بەسەر سفرەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ئێراندا سەپاندووە. کۆماری ئیسلامی بە قبووڵکردنی ئەم کۆنوانسیۆنە بەڵێندار دەکرێت کە تاوانی وەک قاچاخی ئینسان، قاچاخی کۆچبەران، سپی کردنەوەی پارە و گەندەڵی ئەنجام نەدات و لە گەڕاندنەوەی تاوانباران، گۆڕینەوەی زانیاری و ڕاهێنانی تایبەت و بوارەکانی دیکە، لەگەڵ دەسەڵاتەکانی سەرمایەداری هاوکاری بکات.

بە پەیوەست بوونی حکوومەتی ئیسلامی بە کۆنوانسیۆنی „پالێرمۆ“ ڕژیم ناچار دەکرێت کە بۆ ڕێگری لەم تاوانانە، یاسای ناوخۆیی پەسند بکات و لەسەر بنەمای ئەم یاسایانە وەها کردەوەگەلێک تاوان پێناسە بکرێت. هەڵبەت بەر لە مەجمەعی تەشخیسی مەسلەحەت، ناوەندە کۆنەپەرستەکانی دیکەی حکوومەتی ئیسلامی لەوانە شۆرای نیگەهبانی قانوونی ئەساسی، ناوەندی ئیتلاعاتی ماڵی و بەناو „شۆرای باڵای پێشگیری و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سپی کردنەوەی پارە و یارمەتی دارایی تیرۆریزم“ ڕازی بوون کە ئەم کۆنوانسیۆنە قبووڵ بکەن.

وتەبێژی مەجمەعی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام ئیدیعای کرد کە کۆماری ئیسلامی ئەم کۆنوانسیۆنەی لە چوارچێوەی دەستوور و یاسا ناوخۆییەکاندا قبووڵ کردووە. ئەم کارگێڕەی ڕژیم ئەوە ڕوون ناکاتەوە کە ئەگەر قبووڵ کردنی ئەم کۆنوانسیۆنە بەپێی دەستوور و یاساکانی خۆیانە، بۆ چی کۆماری ئیسلامی لەماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردوودا، خۆی لە واژۆکردنی وەها کۆنوانسیۆنێک نەداوە و بووەتە هۆی ئەوەیکە کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی ئێران تاوانی کردەوەی کۆماری ئیسلامی بدەن کە کەوتووتە ناو لیستی ڕەشی پشتیوانی لە تیرۆریزم و تاوانە ڕێکخراوەکانەوە.

لەگەڵ درێژەی سزاکان و پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری ڕژیمی ئیسلامی، بەتایبەت کاتێک مەعلووم بوو کە ترامپ دێتە سەر کار، عەلی خامنەیی مانگی بەفرانباری ساڵی ڕابردوو بە ناچار ڕەزایەتی دا کە کۆماری ئیسلامی بە دوو کۆنوانسیۆنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پەیوەست بێت. یەکیان „پالێرمۆ“ یان کۆنوانسیۆنی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تاوانی ڕێکخراو و ئەوی تریان „سی ئێف تی“ یان کۆنوانسیۆنی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سپی کردنەوەی پارە و پشتیوانی دارایی لە تیرۆریزم بوو. پەیوەست بوونی کۆماری ئیسلامی بەم دوو کۆنوانسیۆنە لە پێداویستییەکانی پەیوەست بوون بە گرووپی تایبەتی چالاکی دارایی „ئێف ئێی تی ئێف“ە کە گۆیا بۆ پەرەپێدانی شەفافییەتی دارایی و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ گەندەڵی و سپی کردنەوەی پارە چالاکی دەکات. پەیوەست بوون بە گرووپی تایبەتی چالاکی دارایی یەکێک لە مەرجەکانی هاتنەدەری کۆماری ئیسلامی لە لیستی ڕەشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە هەتا ئێستا بووەتە بەربەستێک لەسەر ڕێگای لابردنی گەمارۆ نێونەتەوەییەکان.

عەلی خامنەیی و سپای پاسداران و ناوەندەکانی سەربەوان لەوانە شۆرای نیگەهبان، شۆرای تەشخیسی مەسلەحەت، مەجلیسی




شۆرای ئیسلامی و باقی ناوەندەکانی دەسەڵات و باندە مافیاییەکانی کۆماری ئیسلامی ساڵەهایە بە پاساوی ئەوەیکە ئەم بابەتە دژی بنەما و ستراتێژی ناوچەیی حکوومەتی ئیسلامییە، لەگەڵ پەیوەست بوونی کۆماری ئیسلامی بەم کۆنوانسیۆنانە دژایەتییان کردووە. بەڵام ئەم باندە مافیا و گەندەڵانەی کۆماری ئیسلامی بە کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتێک کە گەمارۆکان بۆی ڕەخساندوون، سەروەتێکی یەکجار زۆریان سەر یەک ناوە و خەڵکیان لەگەڵ گرانی و هەژاری و نەهامەتی بەرەوڕوو کردووەتەوە.

پەیوەست بوونی کۆماری ئیسلامی بەم کۆنوانسیۆنانە، لە ناردنی پارە و پشتیوانی دارایی لە گرووپە ئیرۆریستە ئیسلامییەکانی سەربە کۆماری ئیسلامی ڕێگری دەکات. لەئێستادا لەگەڵ شکستی یەک لە دوای یەکی ستراتێژی ناوچەیی کۆماری ئیسلامی و لێکهەڵوەشانی ئەو گرووپانەی کە ناوی نابوون میحوەری موقاوەمەت و بەسەرەنجدان بە بارودۆخی نالەباری ئابووری کۆماری ئیسلامی، دابینکردنی بواری دارای ئەم تاقمە تیرۆریستانە بۆ ڕژیم لەگەڵ کێشە و گرفتی زۆر بەرەوڕوو دەبێتەوە. کۆماری ئیسلامی بە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆکان پەیوەست بوون بەم کۆنوانسیۆنانەی خستووەتە دەستووری کارەوە.

لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوویان داوە، کۆماری ئیسلامی لەپێناوی مانەوەی دەسەڵاتەکەی بە قبووڵکردنی پاشەکشە لە هەموو بوارەکاندا بۆ لابردنی گەمارۆکان لە هەوڵ دایە. لەلایەکەوە جامی ژەهری دانوستان لەگەڵ ئەمریکای بە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆکانی ئەم دەوڵەتە خواردووەتەوە و لەلایەکی دیکەوە ناچار بووە پەیوەست بوون بە کۆنوانسیۆنەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەئامانجی لابردنی گەمارۆکانی ئەم ڕێکخراوە و کەوتنەدەر لە لیستی ڕەش قبووڵ بکات و لەلایەکی دیکەشەوە دەیهەوێ لەگەڵ ئەو دەسەڵاتانەی سەرمایەداری کە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی بەرجامدا ماون واتە ئاڵمان، فەرانسە و بریتانیا گفتوگۆ و دانوستان بکات بۆ ئەوەی „مێکانیسمی ماشە“ چالاک نەکەن.

لەم پەیوەندییەدا عەباس عێراقچی وەزیری دەرەوەی ڕژیم وێڕای ڕاگەیاندنی ئامادەبوونی کۆماری ئیسلامی بۆ دانوستان لەگەڵ دەسەڵاتەکانی ئورووپا ڕایگەیاند کە هەوڵ دەدات ڕۆژی هەینی ٢٦ی مانگی گوڵان، لە پەراوێزی کۆنفرانسی ئاشتی ئۆکراین لە ئیستانبوڵ لەگەڵ ژمارەیەک لە نوێنەرانی ئاڵمان، فەڕانسە و بریتانیا گفتوگۆ بکات. هەروەها وتووشیەتی „بەداخەوە ئەم دەوڵەتانە بۆ دانوستان و گفتوگۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئامادە نین“ و بە وتەی ئەو کەوتوونە پەراوێزەوە. ئەوەش لە کاتێکدایە ئەم دەوڵەتانە فشارەکانیان بۆسەر کۆماری ئسیلامی زیاتر کردووە. تا ئاستێک کە لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا لە پارلەمانی ئینگلیسیش هەوڵ درا سپای پاسداران بخرێتە ناو لیستی گرووپە تیرۆریستەکانەوە.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دەیان ساڵە لە ڕێگەی تیرۆریسم و دروست کردنی گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکان و بە گرتن و ئێعدام و سەرکوت کردنی ئیعترازاتی کرێکاران و خەڵکی نارازی، دەسەڵاتەکەی درێژە داوە. لەئێستادا کە بەهۆی گەشەی مانگرتن و نارەزایەتی بەرینی کرێکاران و بزووتنەوە ئیعترازییەکان لەئاستی کۆمەڵگادا پایەکانی دەسەڵاتەکەی کەوتووتە لەرزە، بۆ نەجات دانی خۆی پەنای بردووە بۆ سازان لەگەڵ ئەمریکا و دەسەڵاتەکانی سەرمایەداری و ناوەندە نێونەتەوەییەکان. بەڵام بێگومان ئەمە چارەسەری دوای مەرگی سۆهرابە. ئەم ڕژیمە گەندەڵ و داماوە تەمەنی کۆتایی هاتووە. دوژمنی سەرەکی و مەترسیدار بۆ کۆماری ئیسلامی نەک ئەمریکا و دەسەڵاتە سەرمایەدارییەکانی دەرەوە، بەڵکوو هەروەک خامنەیی جنایەتکار دانی پێدانا، کرێکاران و ژنانی تێکۆشەر، خوێندکاران، مامۆستایان و پەرستارانی زەحمەتکێش، خانەنشینان و خەڵکی ستەملێکراو و زەحمەتکێشی ئێرانن کە بڕیاریان داوە بە خەباتی لێبڕاوانە و یەکگرتوو و سەرتاسەرییان کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەم ڕژیمە دژەئینسانە بێنن.

***

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

# پەیامی ڕێکخراوە سەربەخۆکانی ئێران بۆ کرێکاران و ڕێکخراوە کرێکارییەکانی هەموو وڵاتان و ناڕەزایەتی دژبە ڕێکخراوی جیهانیی کار (ILO)

هەموو ساڵێ لە مانگی ژوئەندا ڕێکخراوی جیهانی کار (ILO) کۆبوونەوە بەڕێوەدەبات. لەم کۆبوونەوانەدا، ئەوجۆرەی بەڕێوەبەرانی باسی دەکەن، بەو ئامانجەیە کە نوێنەرانی کرێکاران و ڕێکخراوە کرێکارییەکانی جیهان کۆببنەوە و بەپێی ڕاپۆرت و زانیارییە بەدەستهاتووەکان، سەبارەت بە باروودۆخی کار و ژیان و یاساکانی زاڵ بەسەر ناوەندە کرێکارییەکان، باس و گفتوگۆ بکەن. بەڵام کرێکارانی ئێران بەهۆی هەڵاواردن، سەرکوت و سەپاندنی یاسای دژەکرێکاری لەلایەن دەوڵەت و خاوەنکارەوە، لەم کۆبوونەوانەدا هیچ نوێنەرێکیان نییە و حەقیقەتەکانی وڵاتی ئێمە بەپێچەوانە و ناڕاست لەوێدا باسی دەکرێ

نە دەست و پەیوەندەکانی کۆماری ئیسلامی؛ نە ئەو تەشەکول سازانەی لە دەرەوەی وڵات بەتەمای نوێنەرایەتی کردنی کرێکارانن؛ هیچ کامیان نوێنەری ڕاستەقینەی کرێکارانی ئێران نین

١١٣هەمین کۆنفرانسی ڕێکخراوی جیهانی کار لە ڕۆژانی ٢ تا ١٣ی ژوئەنی ٢٠٢٥ لە ژنێڤ بەڕێوەدەچێت. کرێکارانی ئێران بەهۆی سەرکوت و بێبەریکردن لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، هیچ مافێکیان لەوانە مافی ڕێکخستن و مافی هەڵبژاردنی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان نییە. چینی کرێکار و ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان بە بێ هیچ جۆرە خۆشباوەڕییەک بە ناوەندە نێونەتەوەییەکان، ڕایدەگەیەنن کە: کرێکارانی ئێران بەهۆی سەرکوت و بێبەریکردن لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، هیچ مافێکیان لەوانە مافی ڕێکخستن و مافی هەڵبژاردنی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان نییە. بە درێژایی تەمەنی ٤٦ ساڵەی کۆماری ئیسلامی، هەر هەوڵێک بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەی سەربەخۆ و گۆڕینی باروودۆخی سەختی کار و ژیان بەرەوڕووی سەرکوت و زیندان بووەتەوە. هەر لەم پەیوەندییەدا ڕێکخراوی جیهانی کاریش سەرەڕای ئەو جاڕنامە و بڕیارانەی کە پێیان دەوترێ یاسا بنەڕەتییەکانی کار، هیچ بایەخێکی بە بەرژەوەندی کرێکارانی ئێران نەداوە و هەروەک هاودەست و یارمەتیدەری کۆماری ئیسلامی، ڕێکخراوە حکوومەتییەکانی وەک خانەی کارگەر و شوورای ئیسلامییەکانی کار و نوێنەرانی دەستچنی ئەوانی لەجیاتی نوێنەرانی ڕاستەقینە قەبووڵ کردووە و بەم کردەوە دژەکرێکارییەی ئیعتباری بە دوژمنانی کرێکاران بەخشیوە. لەم ڕووەوە ئێمە کرێکاران و خانەنشینان و ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکانی ئێران خوازیاری دەرکردنی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێکخراوی جیهانیی کارین

ئێمە خوازیاری ئازادی دەستبەجێ و بێ مەرجی کرێکاران، مامۆستایان، خانەنشینان و ژنانی بەندکراو و هەموو بەندکراوانی سیاسی و گەڕانەوەیان بۆسەر کار و ڕاگرتنی لێپرسینەوەیانین. (هەر ئێستا ژمارەیەک لە کرێکارانی ئەندامی سەندیکای شیرکەتی واحید ئوتوبووسڕانی تاران، مامۆستایانی ئەندامی ناوەندە پیشەییەکانی مامۆستایان و کرێکارانی خانەنشینکراو بە حوکمی درێژماوە زیندانی کراون)

مافی ڕێکخستن، ناڕەزایەتی، مانگرتن، ئەمنیەتی پیشە و ئیمەنی کار

هەڵوەشاندنەوەی بەتایبەتکردن، گرێبەستی کاتی، هەڵوەشاندنەوەی شیرکەتە پەیمانکارییەکانی دابینکردنی هێزی کار

هێنانەخواری تەمەنی خانەنشینی، زیادکردنی حەقدەست، کەمکردنەوەی سەعاتی کار

قەدەغەکردنی هەڵاواردن لەدژی کرێکارانی کۆچبەر لە ئێران.

قەدەغەکردنی هەڵاواردنی ڕەگەزی و یەکسانبوونی حەقدەست و یارمەتی کار بۆ ژنان و پیاوانی کرێکار

قەدەغەکردنی کاری منداڵان و دابینکردنی بژێوی ژیان، خوشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و خوێندنی بێبەرامبەر

هەڵوەشاندنەوەی دەستبەسەرکردن، زیندان، ئەشکەنجە و ئێعدام

بێگومان کرێکاران بۆ بەدیهێنانی ئەم داخوازیانە جگە لە خەباتی ڕێکخراو و سازماندانی ڕێکخراوەی جەماوەری خۆیان هیچ ڕێگایەکی تریان نییە. کرێکارانی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا پێویستیان بە هاودەنگی و پشتیوانیی ژنان و پیاوانی کرێکارە

**بژی هاوپشتیی جیهانیی کرێکاران.**

سپاس بۆ هەوڵ و تێکۆشانی هاوکارانمان بەخاتری ئاکسیۆنی ٦ی ژوئەن کە ڕووبەڕووی شوێنی کۆبوونەوەی ڕێکخراوی جیهانی کار لە ژنێڤ، لە ناڕەزایەتی بە بەشداری هەیئەتی دژەکرێکاری ئێران کۆبوونەوەیان بەرپا کردووە. دەستیان بەگەرمی دەگوشین

**سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە**

**گرووپی یەکیەتیی خانەنشینەکان**

**کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان**

**کرێکارانی خانەنشینی خووزستان**

٢٧ی مەی ٢٠٢٥ - ٦ی جۆزەردانی ١٤٠٤

❊❊❊

# ڕاگەیاندنی کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام": ئەم کەمپەینە لە حەفتەی شەست و نۆهەمدا، بە پەیوەست بوونی زیندانەکانی مەهاباد، بۆکان و یاسوج بۆ ٤٤ زیندان پەرەیسەند

لە باروودۆخێکدا کە وڵات لەگەڵ گەندەڵی سیستماتیک و ناکارامەیی ئیستبدادی دەسەڵاتدار بەرەوڕووە و ئەم باروودۆخە ژیانی هاووڵاتییانی پەکخستووە و ئەوانی لە سەرەتاییترین پێداویستییەکان لەوانە ئاو و کارەبا بێبەری کردووە، ڕەوتی دەرکردن و جێبەجێ کردنی حوکمی نامرۆڤانەی ئێعدام بە ئیرادەیەکی ئاشکرا لەلایەن دەسەڵاتەوە نەتەنیا ڕانەگیراوە بەڵکوو پەرەشیان پێداوە

ئەم دەسەڵاتە بەردەوام لە بڵاوکردنەوەی ئاماری ورد سەبارەت بە ژمارەی بەندکراوان و جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئێعدام خۆی بواردووە، بەڵام بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە بە کەمپەین گەیشتووە، لە سەرەتای مانگی گوڵانەوە هەتا ئێستا زیاتر لە ١٢٩ کەس - لەوانە چوار ژن - ئێعدام کراون. تەنیا لە دوو حەفتەی ڕابردوودا، حوکمی ئێعدامی ٢٥ بەندکراو جێبەجێ کراوە کە لەناویاندا دوو منداڵ دەبیندرێ کە لە زیندانەکانی مەلایر و عادڵ ئابادی شیراز لە سێدارە دراون. ئەم حوکمە بە بێ بایەخ دان بە بیروڕای گشتی و ناوەندە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ بەڕێوەچوو و ئەو ئینسانانەیان لە "مافی ژیان" بێبەش کرد

لە کاردانەوە بەم توندوتیژییە، بەم پێشێلکردنە ئاشکرایەی "مافی ژیان"، شایەدی پەرەسەندنی ناڕەزایەتی بنەماڵەی بەندکراوانی مەحکووم بە ئێعدام و شایەدی پشتیوانی بەرینی لاوان لە شارە جۆراوجۆرەکان لەم کەمپەینەین. ئەم پشتیوانییە بە داهێنانی جۆراوجۆری خەڵک زیاتر پەرەی سەندووە

ئێمە ئەندامانی کەمپەین، وێڕای ناردنی سڵاو و دروودمان بۆ هەموو پشتیوانانی "نا بۆ ئێعدام"، لە هەموو خەڵک بەتایبەت گەنجان داواکارین کە لە هەر کووچە و کۆڵان و شوێنێک، دەنگی ئیعتزازی خۆیان لە دژی ئەم سزا نامرۆڤانەیە بەرز بکەنەوە و بە هەر شێوەیەک کە دەتوانن لەم حەرەکەتە پشتیوانی بکەن. داوا لە هەموو دژبەرانی ئێعدام دەکەین کە شان بە شانی بنەماڵە دادخوازەکان ڕاوەستن و لە کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکانیاندا بەتەنیایان نەهێڵنەوە

لەماوەی حەفتەی ڕابردوودا، بە داهێنانی هاووڵاتییانی تێکۆشەر لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، هاوپشتییەکی بەرین لە کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام" شکڵی گرت. ئێمە لە دڵەوە سوپاسی هەموو تاک و دامەزراوە و حزب و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنی و مافی مرۆڤەکان دەکەین کە بەشداریان لەم بزووتنەوە جەماوەرییەدا کردووە

هەروەها کۆمەڵێک بەندکراو لە بەندیخانەکانی مەهاباد، بوکان و یاسوج ڕایانگەیاندووە کە لەم حەفتەیەوە بەشداری کەمپینەکە دەکەن و هەموو سێشەممەیەک مان لە خواردن دەگرن. لەگەڵ پەیوەست بوونی ئەم سێ زیندانە بەم مانگرتنەوە، ژمارەی زیندانە بەشداربووەکانی ئەم هەڵمەتە بۆ چل و چوار زیندان زیادی کردووە

ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی گوڵانی ١٤٠٤، بەندکراوانی ئەم ٤٤ زیندانەی خوارەوە بۆ ٦٩هەمین حەفتەی بەردەوام مانیان لە خواردن گرت

**کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام"**

٣٠ی گوڵانی ١٤٠٤ی هەتاوی

❊❊❊

# ئاسۆی قبووڵکردنی مەرجەکانی ئەمریکا لە دانوستانە ئەتۆمییەکاندا

دانوستانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا سەبارەت بە چالاکییە ئەتۆمییەکان سەرەڕای دژایەتی عەلی خامنەیی کە وتبووی "گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ ئەمریکا عاقڵانە نییە، هوشیارانە نییە، شەرافەتمەندانە نییە"، لە ڕۆژی شەممە ٢٣ی مانگی خاکەلێوەی ١٤٠٤ی هەتاوییەوە دەستپێکردووە. لەو کاتەوە هەتا ئێستا پێنج خولی وتووێژ لە نێوان نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی و نوێنەرانی ترامپ بەڕێوەچووە. پێش دەستپێکردنی دانوستانەکان، ترامپ بە زمانێکی ئامرانە و تێکەڵ بە سووکایەتی، کۆماری ئیسلامی خستە بەرامبەر دوو بژادەوە و وتی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی یان دەبێ سەبارەت بە چالاکییە ئەتۆمییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا گفتوگۆ بکەن یان دامەزراوە ئەتۆمییەکان، ژێرخانە نیزامی و ئابوورییەکانیان بەشێوەیەکی وێرانکەر بوردومان دەکرێت

خامنەیی کە ساڵەها لەسەر قبووڵ نەکردنی گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا پێداگری دەکرد، لەگەڵ قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و پەرەسەندنی مانگرتن و نارەزایەتییەکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش دژبە کۆماری ئیسلامی، ڕێگایەکی بۆ نەمایەوە بێجگە لە خواردنەوەی جامی ژەهری دانوستان لەگەڵ ئەمریکا، ئەویش لە خراپترین هاوسەنگی هێزدا. وە ناچار بوو تەنانەت گفتوگۆی ڕاستەوخۆش لەگەڵ ئەمریکا قبووڵ بکات. خامنەیی و سەرکردەکانی سپای پاسداران هاوکات لەگەڵ دانوستان و سازان لەگەڵ ئەمریکا، لەدژی کرێکاران و خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران، واتە دوژمنە ناوخۆییەکانیان، چەکیان لە ڕووەوە بەستووە و بە پەرەپێدانی سەرکوت و ڕەشبگیری و شەپۆلی ئێعدام، بەرەنگاری مانگرتن و نارەزایەتییە جەماوەرییەکان دەبنەوە.

تیمی دانوستانکاری کۆماری ئیسلامی بە ئامانجی شاردنەوەی ناوەڕۆکی گفتوگۆکان و پێگەی لاوازی ڕژیم لەم دانوستانە، لە دەوڵەتی عومان داوای کردووە کە گفتوگۆکان لەگەڵ ئەمریکا لە پشتی دەرگای داخراو و بەبێ بەشداری هەواڵنێران بەڕێوەبچێت و لە گفتوگۆ میدیاییەکانیشدا بە وەڵامی ناڕوون و گشتی، حەقیقەتەکانی پشتی پەردەی ئەم وتووێژانە لە خەڵک دەشارنەوە. لە کۆتایی قۆناغی یەکەم و دووهەمی وتووێژەکان خامنەیی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و وتی بەرپرسانی ئێمە لە دانوستانەکاندا کارێکی باشیان کردووە. بەڵام دوای کۆتایی قۆناغی چوارەم بێهیوایی و نائومێدی خۆی دەربڕی و وتی ئەگەری سەرکەوتنی ئەم دانوستانانە کەمە و پێی وا نییە بە جێیەک بگات

هەر لەو پێوەندییەدا، ڕۆژی چوارشەممە ٧ی مانگی جۆزەردان، کەناڵی تەلەویزیۆنی (سی ئێن ئێن) بە پشتبەستن بە سەرچاوەی ئاگادار لە ڕەوتی دانوستانەکان، ڕایگەیاند: "تیمەکانی دانوستانکار خەریکە لە ڕێککەوتنێکی گشتی نزیک دەبنەوە و ڕەنگە لە قۆناغی شەشەمی دانوستانەکانی نێوان ئەمریکا و ئێراندا یەکلایی بکرێتەوە". عەباس عەراقچی بەرپرسی تیمی دانوستانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا، لە کاردانەوە بەم هەواڵە ڕۆژی پێنجشەممە ٨ی جۆزەردان وتی: "ئەمە هەواڵی ساختەی میدیاکانی ئەمریکایە. ڕێککەوتن لەسەر مێزی وتووێژ بەدەست دێت نەک لە ڕێگەی میدیاوە".

هەڵسووکەوتی دژبەیەک و ناتەبای ترامپ و خامنەیی سەبارەت بە دانوستانەکان لەم ماوەیەدا نیشانەی نەبوونی پێشکەوتن و ئاڵۆزبوونی کەشی گفتوگۆکانە. بەپێی لێدوانی لایەنە دانوستانکارەکان، قۆناغی پێنجەمی دانوستانەکان ڕۆژی هەینی ٢ی مانگی جۆزەردان بەبێ ئەوەی بگاتە هیچ ئەنجامێکی بەرچاو کۆتایی هات. وەزیری دەرەوەی عومان، ئەم خولەی دانوستانەکانی بە "پێشکەوتنی سنووردار، نەک یەکلاکەرەوە" وەسف کرد. عەباس عەراقچی کە پێش دەستپێکردنی قۆناغی پێنجەم باسی ناکۆکی بنەڕەتی لەگەڵ ئەمریکا کردبوو، تەنیا باسی لەوە کرد کە دانوستانەکانی ئەم خولە، پیشەیی بوون. لەهەمانکاتدا ئاماژەی بەوەدا کە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا بەبێ مافی پیتاندن بێ مانایە



کۆماری ئیسلامی لەم چەند قۆناغەی دانوستاندا هەوڵی داوە مافی پیتاندنی ئورانیۆم لە ناوخۆدا بپارێزێت و لەم پێوەندییەدا ئامادەیە بەبێ مەرج هەر جۆرە پشکنینێک لە لایەن ئەمریکا و ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی قبووڵ بکات. هەر لەو پێوەندییەدا، محەممەد ئیسلامی، بەرپرسی ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمی ڕژیم، ڕایگەیاند کە هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ هاتنی چاوەدێرانی ئەمریکایی نییە. عەلی شەمخانی ڕاوێژکاری باڵای خامنەیی سەبارەت بە کاروباری ئەتۆمی لەگەڵ ئەمریکا، زەبوونانە ڕایگەیاند: "لە بەرامبەر هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆ ئابوورییەکان کۆماری ئیسلامی بەڵێنی ئەوە دەدات کە هەرگیز چەکی ئەتۆمی دروست نەکات. پاشەکەوتی ئورانیۆمی پیتێندراو بە ڕێژەی باڵا لە ناو ببات و ڕێگە بە پشکێنەرانی نێونەتەوەیی بدات کە ئەم ڕەوتە چاوەدێری بکەن". شەمخانی بە دانی چرای سەوزی بەرقەرار کردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا ڕایگەیاند کە ئەگەر ئەمریکاییەکان ئەوجۆرەی کە خۆیان دەڵێن هەنگاو هەڵگرن، بەدڵنیاییەوە دەتوانین پەیوەندی باشترمان لەگەڵ ئەمریکا هەبێت

بەڵام بەرپرسانی ئەمریکا لەسەر ڕاگرتنی یەکجاری پیتاندنی ئورانیۆم و لەنابردن یان ڕاگواستنی ئورانیۆمی پیتێندراو بۆ دەرەوە پێداگری دەکەن. وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش جەختی لەوە کردەوە کە ئەم دانوستانانە بۆ فشار بۆسەر ڕژیم و بۆ ڕاگرتنی تەواوی پیتاندنی ئورانیۆمە. واتە ئەو پرۆسەیەی کە تێیدا کۆماری ئیسلامی لەماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا سەدان ملیارد دۆلاری لە سەروەت و سامانی کۆمەڵگا بۆ دروستکردنی دامەزراوە ئەتۆمییەکان، بۆ کڕینی ئامێرەکان و هەزاران سانتریفیوژ بەفیڕۆ داوە و بووەتە هۆی سەپاندنی گەمارۆی چەندین ساڵە دژ بە کۆماری ئیسلامی کە دووکەڵەکەی ڕاستەوخۆ چووەتە چاوی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ئێرانەوە و ژیان و گوزەرانیانی تەباە کردووە

لەلایەکی دیکەوە ڕۆژی چوارشەممە حەوتی مانگی جۆزەردان ترامپ بۆ جارێکی دیکە بە شێوەیەکی هەڕەشەئامێز وتی: "من متمانەم بە کەس نییە. خوازیاری ڕێککەوتنێکی بەهێز لەگەڵ ئێرانم. ڕێککەوتنێکی زۆر قایم کە بەپێی ئەم ڕێککەوتنە چاوەدێرانی ئێمە بتوانن بچنە هەموو شوێنێکی ئێران. هەرچییەک بە پێویستیان زانی دەستی بەسەردا بگرن یان لەناوی بەرن. ئەوکات ئێتر پێویستمان بە هێرشی نیزامی نابێت". هەروەها وتیشی کە وەها ڕێککەوتنێک ڕێگا بۆ تەجارەتی بەرین لەگەڵ ئێران و هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆکان هەموار دەکات

بەڵام ڕێککەوتنی ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەی ئێران نەیارانێکیشی هەیە کە هەوڵ دەدەن هەرچی زووتر هەڵیوەشێننەوە. بۆ نموونە باڵی بناژۆخوازی توندڕەوی ڕژیم و بازرگانان و موعامەلەگەرانی گەمارۆکان و بواری پیتاندنی ئورانیۆم، کە لەئێستادا بوونەتە مافیایەکی گەورەی ئابووری ئێران و هەر هەموویان سەربە بازنەی گەندەڵی دەسەڵاتی ئیسلامین. لە دەرەوەی ئێرانیش، یەکیەتی ئورووپا و ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی بەهۆی دوورخستنەوەیان و بەهۆی نەبوونی شارەزایی لە دانوستانەکاندا ڕەخنەی زۆریان گرتووە. نەتانیاهۆی شەڕخواز و جنایەتکار وێڕای ڕاگەیاندنی ڕەزامەندی لەگەڵ مەرجی ئەمریکا سەبارەت بە ڕاگرتنی پیتاندن و لەناوبردنی ئورانیۆمی پیتێندراوی کۆماری ئیسلامی، هەڕەشەی کردووە کە لە ئەگەری درێژەی پیتاندنی ئورانیۆم لەلایەن کۆماری ئیسلامی و هەست کردن بە مەترسی، بەتەنیایی و بە بێ هاوکاری ئەمریکا هێرش دەکاتە سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ڕژیم

لە باروودۆخێکدا کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ شەپۆلی بەرینی مانگرتن و نارەزایەتی کرێکاران و توێژەکانی دیکەی خەڵک بۆ نموونە شۆفیران و خاوەن بارهەڵگرەکان، نانەواکان، کرێکارانی نانەواخانەکان و هیتر بەرەوڕووە، دانوستانە ئەتۆمییەکانیش لێی بووەتە قەیرانێکی دیکە. کۆماری ئیسلامی ڕێگاچارەیەکی بێجگەلە تەسلیم بوون لەپێش نییە. لەڕاستیدا هەموو چالاکییە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا بە زیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بووە. حکوومەتی ئیسلامی بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی خستوویەتە ڕێ و تێچووی یەکجار بەرینی بەسەر ژیان و گوزەرانیاندا سەپاندووە. ململانێ و کێشمەکێشی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی، هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە هیچ پەیوەندییەکی بە بەرژەوەندی چینی کرێکار و زۆرینەی خەڵکی ئێرانەوە نەبووە. چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران شکستی کۆماری ئیسلامی لەم کێشمەکێشە کۆنەپەرستانەیەدا بە بەرهەمی خەباتی خۆیان دەزانن، کە ڕژیمی ئیسلامی لە هەموو لایەکەوە خستووە تەنگانەوە. وە لەم شکستەش بۆ پێشخستنی خەباتی خۆیان هێز وەردەگرن

***

## شێعر

# لە ئاوێنەی خۆزگەی خۆمدا"

لە ئاوێنەی خۆزگەی خۆمدا
دونیایەکم لە بەرچاوە
لەو دونیایە
هیچ ئینسانێک کەسی دیکە
لە خۆی بە کەمتر نازانێ،
هیچ ئینسانێک کەسی دیکە
بە چاوی سووک چاو لێ ناکا،
هیچ ئینسانێک
دوژمنی ئەویتر نیە،
هەموو کەس دۆستی یەکترە و
زەویش پڕە
لە ئەوین و خۆشەویستی،
جادەکانیش
بێشکەی ئاشتی و ئاسایشن.
********
لە ئاوێنەی خۆزگەی خۆمدا
دونیایەکم لە بەر چاوە
لەو دونیایە بە هەموو کەسێک
ڕێگای پیرۆزی ڕزگاری
شارەزایە و
بەرچاوتەنگی
نەشتەر لە چاومان ڕۆ ناکا.
لە ئاوێنەی خۆزگەی خۆمدا
دونیایەکم لە بەر چاوە
لەو دونیایە
ڕەش یان سپی
هەر کەس لە هەر نەژادێک بێ
لـە نیعمەتـی سـەر ڕووی زەوی
بەهرەمەنـدە
هەموو ئینسانێک ئازادە و
هەر بەتەنیا
خـەم و مەینـەت گـەردن کـەچ و
شــەرمەزارە و
شادیش وەکوو
ملوانکەیەک لە مرواری
بۆ گەردنی هەموومانە و
بەشەریەت خەنی دەکا.
لە ئاوێنەی خۆزگەی خۆمدا
ئەو دونیایەم لە بەر چاوە.

" لنگستون هیوز"

**وەرگێر: هیوا**




### کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی

پێشـــــــــرەو
ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

نوێنه رایه تیی کۆمه ڵه له ده ره وه ی وڵات
representation.of.komala@gmail.com

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب
international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧